گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی پارت ورێکخراوە چەپەکان لە ڕاپەڕین(1991/3/5) تاوەکوو (1991/3/28)ی باشووری کوردستان

**ژیلوان عبدالله احمد**
بەشی ژمێریاری، پەیمانگای تەکنیکی دووکان، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Zhelwan.ahmed@spu.edu.iq
**پ.ی.د. ئامانج حسن احمد**
بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Amanj.ahmed@univsul.edu.iq

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٨/١٣
پەسەندکردن:٢٠٢٣/١٠/١٩
بڵاو کردنەوە:زستان٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Marxist leftist groups, Uprising, Baath rejem, south Kurdistan, shoraa*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.4.23

**پوختە**

بەرپابوونی ڕاپەڕینی ئازاری 1991 کە بە گرنگترین و گەورەترین ڕووداوی سیاسیی لەدوای ساڵی 1970 وە لە باشووری کوردستان دادەنرێت، ئەم ڕووداوە کاریگەری هەبوو نەك تەنها لە ڕووی سیاسی و ڕزگاربوونی کۆمەڵگە لە چنگی حیزبی بەعس بەڵکوو کاریگەری کردە سەر بزووتنەوە سیاسییەکان و دروستبوونی چەندین پارت و ڕێکخراوی چەپی و مارکسی، لەم توێژینەوەیەدا بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە و سەرچاوە وچاوپێکەوتنی کەسە بەشداربووەکانی ڕووداوەکانی ئەو ماویە، هەوڵماندداوە ڕۆڵی چەپە مارکسییەکان لە ڕاپەڕینی 1991ی باشووری کوردستان ئەو ڕووداوانەی دواتر تاوەکوو 1992 باس بکەین لە ژێر ناونیشانی(کاریگەری ورۆڵی چەپە مارکسییەکان لە ڕاپەڕین(1991/3/5) تاوەکوو (1991/3/28)ی باشووری کوردستان).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

لە دوای ساڵی 1976 و سەرلەنوێ دروستبوونەوەی شۆڕش لە باشووری کوردستان لەسەر دەستی گرووپێکی چەپی ڕادیکاڵی وەکوو کۆمەڵە و جۆشدانەوەی کورەی خەبات لە باشووری کوردستان، کە لەژێر کاریگەری چەپی شۆڕشگێڕی مارکسی-لینینیی و بە بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ، واتای گەشەکردنی ئەم بیروباوەڕە و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای کوردی دەگەیاند، ڕۆڵی هەبوو لەسەر گەشەکردنی بزووتنەوەی چەپ، هەروەها لە ئەنجامی کێشە و ململانێکانی نێو کۆمەڵە و جیاوازی بیروبۆچوون لەمەڕ کۆمەڵگەی کوردی و شێوازی خەبات بوە مایەی دروستبوونی چەندین ڕەوت و گرووپی چەپی و بە نهێنی مژۆڵی خەباتی چەکداری بوون لە نێو شارەکان، ئەمە و جگەلەوەی زۆربەی پارت و ڕێکخراوە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانی حکوومەتی بەعس هەڵگری ئایدیای چەپ بوون و ئەم بیروباوەڕە لە بڵاوکراوە و ئۆرگانە ڕەسمییەکانیاندا ڕەنگی دەدایەوە، چەندین ڕێکخراو پارتی چەپ، دروستبوون و کاریگەریان لەسەر بنج داکووتانی چەپگەرایەتی لەنێو کۆمەڵگەی باشووری کوردستان هەبوو، چەندین خەت و ڕێبازی جیاجیای چەپ هەبوون، بەتایبەت لە باشووری کوردستان کە هێشتا کۆمەڵگەیەکی نیمچە دەرەبەگی و نەخەملیوی چینی کرێکار و نەبوونی کارگەدا بوو، بەڵام ڕووداوی لێدانی عێراق لە لایەن هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و بەرپابوونی ڕاپەڕینی ئازاری 1991 کە بە گرنگترین و گەورەترین ڕووداوی سیاسیی لەدوای ساڵی 1970 وە لە باشووری کوردستان دادەنرێت، ئەم ڕووداوە کاریگەری هەبوو نەك تەنها لە ڕووی سیاسی و ڕزگاربوونی کۆمەڵگە لە چنگی حیزبی بەعس بەڵکوو کاریگەری کردە سەر بزووتنەوە سیاسییەکان و دروستبوونی چەندین پارت و ڕێکخراوی چەپی و مارکسی، کە هەندێکیان مێژووی سیاسییان لەو ماوەیەی کە بۆ توێژینەوەکەمان دیاری کردوە زیاترە، و هەندێکیشیان لە پاڵ حیزبی سیاسییەکانی باشووری کوردستان، بەشداری شۆڕش و خەباتی چەکداری شاخیان کردوە، وەك حیزبی شیوعیی عێراق، و حیزبی زەحمەتکێشان و ئاڵای شۆڕش، و پارتی گەل، بەڵام هەندێك لەو ڕێکخراوانەی کە لە ساڵی (1991) بەدواوە خەباتی سیاسی و ڕێکخستنی خۆیان ئاشکرا کرد پێشتر بە نهێنی ڕێکخستن و ئەڵقەی ڕۆشنبیریان هەبوو لە شارەکانی باشووری کوردستاندا، ئەمەش وایکرد بوو هەر یەکە لەو ڕێکخراوانە تێڕوانین و هەڵوێستی جیاوازیان لە ڕووداوەکانی باشووری کوردستاندا هەبێت، کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەگوێرەی مێژوو و خەباتی سیاسیی و قەبارەی ڕێکخراوەییان بەشداری ڕووداوەکانی باشووری کوردستان بوون و، کاریگەرییان لە سەر بەشێکی کۆمەڵگەی کوردی داناوە، لەم توێژینەوەیەدا بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە و سەرچاوە وچاوپێکەوتنی کەسە بەشداربووەکانی ڕووداوەکانی ئەو ماویە، هەوڵماونداوە ڕۆڵی چەپە مارکسییەکان لە ڕاپەڕینی 1991ی باشووری کوردستان ئەو ڕووداوانەی دواتر تاوەکوو 1992 باس بکەین لە ژێر ناونیشانی(کاریگەری وڕۆڵی چەپە مارکسییەکان لە ڕاپەڕین(1991/3/5) تاوەکوو (1991/3/28)ی باشووری کوردستان).

توێژینەوەکەشمان دابەشکردووە بەسەر چەند تەوەرەیەکدا لەوانە: تەوەرەی یەکەم، لەم تەوەرەیەدا باسمان لە کاریگەری وڕۆڵی چەپەکان لە ڕاپەڕیندا کردووە، تەوەرەی دووەم باسمان لە ڕۆڵی چەپەکان کردووە لە (پێکهێنانی شووراکان) لەشاری سلێمانی وهەولێر وکەرکووك کردووە، تەوەرەی سێهەم: لەم تەوەرەیەدا هەوڵماونداوە باس لە ڕۆڵی چەپەکان وشووراکان بکەین لەکاتی هێرشی حکوومەتی بەعس بۆسەر شارەکانی کوردستان بکەین، تەوەرەی چوارەم: باسی هۆکارەکانی شکستی شووراکانمان کردووە.

بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتمان بەستوە بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە باسکردن و تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان بەشێوەیەکی ئەکادیمی و بابەتیانە، لەهەمان کاتیشدا ڕێبازی شیکاری-مێژوویی بەکارهێنراوە بۆ ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندنی هەندێ لە ڕووداوەکان وەك پێداویستیەکی زانستی بۆ بەهێزکردنی ئاستی توێژینەوەکە، لەهەمان کاتدا میتۆدی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوە و بەڵگەنامەکان وەك هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان و چاوپێکەوتن لەگەڵا کەسانی شارەزا، بەشێکی ترن لە میتۆدی ئەم توێژینەوەیە.

لەم توێژینەوەیەدا تووشی چەندین گیروگرفت وکێشە هاتووین، وەکوو ئامادەنەبوونی هەندێك لەو کەسایەتییانەی کە لەسەروبەندی ڕاپەڕیندا لەناو چەپەکاندا بوون چاوپێکەوتن بکەن، یاخود ئێستا لەدەرەوەی کوردستانن وئامادەنین قسە لەسەر ڕووداوەکان بکەن، وهەروەها هەندێك بەڵگەنامە ونووسینی هەندێك لەو گرووپ ودەستانە لەناوچوون، لەکۆتاییشدا دەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان کە لە کۆتاییدا ئاماژەی پێکراوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەوەرەی یەکەم/ کاریگەری ورۆڵی چەپەکان لە ڕووداوەکانی ڕاپەڕین(1991/3/5)

لە ڕۆژی (1990/8/2) سوپای عێراقی کوەیتی داگیرکرد(سنجاری:83؛ سەنگاوی:472:2004؛ مۆرتکە:29:2007؛ کوردستانی نوێ:3:1994؛ برایەتی:3:2008) ، پاش ئەم ڕووداوە هەڵوێستی وڵاتانی دونیا بەرامبەر بە عێراق گۆڕا و داوایان لە عێراق کرد کە لە کوەیت بکشێتەوە، بەڵام سوپای عێراق نەك هەر نەکشایەوە بەڵکوو سەدام حسێنی سەرۆك کۆماری عێراق لە بەیاننامەیەکدا مەرسومێکی کۆماری دەرکرد و کوەیتی وەکو پارێزگاری نۆزدەیەمی عێراق ناساند(یومیات:2007: 204).

لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیش (ئەنجومەنی ئاسایش)یش کەوتە هەوڵدان بۆ چارەسەکردنی دۆخەکە، ئەوەبوو چەند بڕیارێکی یەك لە دوای یەکی دەرکرد، هەر لە گەمارۆدانی ئابوورییەوە تا بەکارهێنانی هێز بۆ دەرکردنی لە کوەیت، تا دواجار لە ڕێکەوتی (1990/12/15)ەوە مۆڵەتدرا بە عێراق کە لە (1991/1/15)لە کوەیت دەربچێت(گالبریس:68:2008؛ ڕێباز:ب3 :199). بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق گوێیان بەم کات دیاریکردنە نەدا و سوربوون لە سەر بڕیاری خۆیان، ئەوەبوو شەوی (16-1991/1/17) لە سەعات (2:30) شەو ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان بەهێزی ئاسمانی لە سوپای عێراقیاندا(مەحمود:ب3 :258_259). بەم شێوەیە شەڕ تا ڕۆژی (1991/2/26) بەردەوام بوو، عێراق بە زۆر لە کوەیت دەرکرا، لە ئەنجامدا زیانێکی زۆری گیانی و مادی بەر سوپای عێراق کەوت(مجید: 112). سوپای عێراقی لە ماوەیەکی کەمدا شکستێکی بێ وێنەی بە خۆیەوەبینی و سەرجەم مەرجە سەپێنراوەکانی هێزە هاوپەیمانەکانی بێ قەید و مەرج پەسەندکرد و پاشان لە (1991/2/28)دا ئاگربەست ڕاگەیەنرا(هۆشمەند: 2009 :59_60). بێ جگەلەمە چەندین هۆکاری تری ناوخۆیی ڕۆڵی بینی لە دەست پێ کردنی ڕاپەڕین لە ناوچەکانی باشووری عێراق وکوردستان دا( مستەفا: 2009: 152دواتر).

سەرەتای ڕاپەڕین لە ناوچەکانی باشووری عێراقدا لە ڕۆژی (1991/2/28) دەستی پێکرد(الماجد: 1991: 107)، بە سەرکردایەتی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق و بە پشتیوانی ئێران لە ناوچەی عەممارە و زۆنگاوەکانەوە بەرەو بەسرە و بەرەو جێگەکانی تری فوراتی ناوەڕاست(یڵدز: 2007 :75؛ عەزیز: 9) ، دواتریش شاری ناسریە و سەماوە و دیوانیە و کەربەلا و نەجەف و حیللە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوتی گرتەوە و ئەم پارێزگایانە لە دامودەزگای ڕژێم پاکرانەوە و کەوتنە دەستی جەماوەر(بارزانی:2022 : 63).

سەبارەت بە ئامادەسازی ڕێکخراوە چەپەکان و ڕۆڵیان لە ڕووداوەکانی ڕاپەڕین، یەکێك لە هەڵسووڕاوانی چەپ بەم شێوەیە باسی ئامادەکاری چەپەکان دەکات بۆ هەر گۆڕانکارییەکی و پێشهاتێکی سیاسی چاوەڕواننەکراو"ڕۆژی (1990/12/25) بۆ یەکەمین جار کۆبوونەوەیەکی نوێنەران، بە بەشداریی هەشت کەس، چەند بڕیارێك دراو و لەسەر ئەوە ڕێککەوتن، کە شێلگیرانە لە هەوڵی جێبەجێکردنیاندا لە کاردا بن، هەموو ئەو کەسانە و کۆمیتە و دەستە و لیژنانەی تر، پەیوەندیان پێوە بکرێت، و لەگەڵ پاراستنی ئەمنییەتی هەموو لایەکدا، هەوڵ بدرێت زۆر بە نهێنی چەك پەیدا بکرێت،" (پەیام: 1998: 6).

دواتر کۆبوونەوەی نوێنەرانی ئەو لیژنانە لە (1991/1/5)کرا و هەندێك قسە و باسی تازە هاتنە پێشەوە لەوەی کە نامە بۆ چەند مستەشارێك نێردراوە و لەگەڵ چەند بڕیار وبەسەرکردنەوەی لیژنە ودەستە پێکهاتووەکان، لەوانە: لیژنەکانی گەڕەکی سەرشەقام، جوولەکان، سابوونکەران، گاوران و مەجید بەگ(پەیام: 1998: 6).لەو کۆبوونەوەیەدا باسی ئامادەکارییەکان کراو، وەك پەیداکردنی چەك وپێداویستی.(حاجی ئەنوەر: 2023)، لەو سەروبەندەدا چەند بڵاوکراوەیەکی دەستنووس لە لایەن ڕەوتی کۆمۆنیستەوە، بڵاوکرانەوە و هەموویان باسیان لە ڕۆژانی داهاتوو دەکرد، ئەم بڵاوکراوانە بە ژمارەیەکی زۆر کەم بڵاو دەبوونەوە و تەنیا دەگەیشتنە دەستی کەسانی باوەڕ پێکراو.(حاجی ئەنوەر: 2023).

دوای ئەوە کۆبوونەوەیەك لە (1991/3/3) کرا و ژمارەیەکی زۆر لەو لیژنە و دەستە و کۆمیتانەی هەن تێیدا بەشدار بوون، جێگای کۆبوونەوە، دەوروبەری مزگەوتی هەمزە ئاغابوو، لە کۆڵانەکانی سابونکەران، بەڵام تا سەعات دووی پاشنیوەڕۆ چاوەڕوان کرا، بەڵام تەنیا 15 کەس هاتبوون، نوێنەری سەرچنار و مەجید بەگ ڕاسپێردرا بوون قسە لەگەڵ ڕەوتی کۆمۆنیست و یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری بکرێت (پەیام: 1998: 6).هەندێك لە ڕێکخراوە چەپە مارکسییەکان کە لەناو شارەکاندا و بەشێوازی نهێنیی خەریکی کاری ڕێکخستن و ئامادەکاری بوون بۆ هەر هەلێك کە بێتە پێشەوە بۆ ڕاپەڕین، هەرچەندە ماوەیەك دوای داگیرکردنی کوەیت، هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی

کادروهەڵسووڕاوانی چەپ لە لایەن دەستگای ئاساییشی بەعس لە شاری سلێمانی دەستی پێکرد بوو، لەو هەڵمەتەدا نزیکەی(52) هەڵسووڕاوی چەپ ومارکسی دەستگیرکران، ئەویش بەهۆی پەیوەندی یەکێك لە ئەندامانی ڕەوتی کۆمۆنیست بە دەزگای ئەمنەوە، دەستگیرکراوەکان زۆربەیان لە ڕێکخراوی دەستەی پێشرەوانی پرۆلیتاریا ورەوتی کۆمۆنیست بوون.(ئەحمەد: 183_190)

(ڕەوتی کۆمۆنیست) کە لە هەموو ڕێکخراوە چەپەکان گەورەتر بوو، ڕۆژنامەی دەردەکرد، خاوەنی دەزگای چاپ ورێکخستنێکی تاڕادەیەك تۆکمەتر بوو، لە هەفتەکانی بەر لە ڕاپەڕین پلاتفۆرمێکی دەرکرد بەناوی ( ئەرکە دەستبەجێکانمان) کە لە ئامادەکردنی (موئەید ئەحمەد ئەندامی دەستەی ناوەندی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو( ئەحمەد: 2022) ، و تیایدا ئامادەکاری و سیاسەتی ڕێکخراوەکەی لە سەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان و شێوازی حوکمڕانی لە ڕوانگەیەکی چینایەتی و کرێکاریی ومارکسییەوە دروستکردنی شووراکانی خستبووە ڕوو، پاشان چەندین خاڵی بۆ کارکردن داڕشتبوو، تیادا هاتبوو: بۆئەوەی سۆشیالیزمی کرێکار بتوانێت هەرچی لێهاتوانەتر ڕابەرایەتی ورێکخستنی خەباتی چینایەتی کرێکار ئەنجام بدات دەبێ هەرچی زووتر ولێبڕوانەتر کەم وکورییە سیاسی وعەمەلی ورێکخراوەییەکانی خۆی وەك حیزبێکی بەرینی کۆمەڵایەتی کرێکار وەلانێت، لەم بوارەدا ڕووبەڕووی ئەم ئەرکانەین: گەشەدان بە لایەنەکانی یەکگرتووی ورێکخراوبوونی ڕیزی کرێکارانی کۆمۆنیست، ئینسجام پێ کردنی هەرچی زیاتری هەویەتی سیاسی وفکری مارکسیستانەی ئەم بزووتنەوەیە، بەرەوپێش بردنی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەی کرێکار بەرەو پێکهێنانی حیزبی سیاسی مارکسستی خۆی، بەهێزکردن وبەرین کردنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە دەروونی چینی کرێکاردا، بەرجەستەکردنەوەی هەرچی زیاتر ئینتەرناسیۆنالیزمی ئەم بزووتنەوەیە"( ئەرکە دەستبەجێکان)، ئەمەو جگەلەوەی داواکارییە سیاسییەکانیشیان لە(10)خاڵدا خستبوەڕوو، وەك: ئازادی بێ قەیدوشەتی سیاسی، ئازادی بیروباوەڕو دەربڕین، چاپەمەنی، ئازادی کۆبوونەوە، مانگرتن، خۆپیشاندان، ئازادی پێکهێنانی هەرجۆرە ڕێکخراوەیەکی سیاسی وپیشەیی وجەماوەری ورۆشنبیری وئەدەبی، هەر جۆرە یەکیەتیەك و نەقابەیەك، تەواوی دەزگا جاسوسی وسەرکوتکەرەکان(ئەمن، ئیستخبارات، مخابرات) وتەواوی دادگا نهێنی وتایبەتییەکان دەبێ هەڵوەشێنرێنەوە ونەمێنن، جیابی دین لە دەوڵەت، مافی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیاری کردنی چارەنووس، مافی بێ ئەملاولای هەر میللەتێکە، میللەتی کورد دەبێ ئازاد بێ لە دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی خۆیدا بەهەر شێوەیەك، بەجیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ یان یەکێتی ئازادانە لەگەڵ میللەتەکانی تری دانیشتووی عێراقدا... هەروەها هەڵسووڕاوانی ڕەوتی کۆمۆنیست لە شارو شارۆچکەکان دەستیان کرد بەچالاکی وەك بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، نووسینی دروشم لەسەر دیوار و هاندانی خەڵك بۆ ڕاپەڕین دژی حکوومەت(عەلی مەولوود: 2022) ، بەتایبەتی لە شاری هەولێر(جەمال کۆشش: 2023) وسلێمانی، دروشمە سەرەکی ڕێکخراوەکەش (ئازادی، یەکسانی، حکوومەتی کرێکاری)بوو.

دوای ڕەوتی کۆمۆنیست، ڕێکخراوی (یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری) هەبوو، کە لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند ڕەوت و گرووپێك پێك هاتبوو، ڕێبوار ئەحمەد ئاماژە بەوەدەکات" لەکاتی قەیرانی کوەیتدا ئێمە فەعالتر بووینەوە و پەیوەندیمان لەگەڵ مەحافلەکانی تر و ئەو کەس وکۆڕ وکۆمەڵانەی پێشتر لەگەڵ (کۆتك) بوون، تازە و گەرم وگوڕکردەوە، تا لەچەند ڕۆژ پێش دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی کەنداودا تاهیر حەسەن، جەبار مستەفا، ئەحمەد موعین، من، کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایار، مەحفەلێکی کرێکاریی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار، کە لەگەڵ جەبار مستەفا کاریان دەکرد و هەر لەڕێگای ئەوەوە و ناڕاستەوخۆ بووبوون بە بەشێك لە کۆمەڵەی یەکی ئایار وهەڵسووڕاوانێك کە ئەحمەد موعین پەیوەندیی لەگەڵیاندا هەبوو، هەموویانمان یەکخستەوە وڕێکخراوی یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاریمان دامەزراند، ئەم ڕێکخراوە لە ڕووداوەکانی ئازاری ساڵی 1991دا زۆر هەڵسووڕاو وچالاك بوو".(ڕەشید:223).

سەبارەت بە ڕۆڵی (یەکێتیی خەبات) ئەوەبوو کە ئەوانیش دوای داگیرکردنی کوەیت و ئەو پێشهاتە سیاسییانەی لەو ماوەیەدا هاتنە ئاراوە، سیاسەت و تاکتیکی خۆیان وەکوو ڕێکخراوێکی چەپی مارکسی لەو چوارچێوەیەدا دیاری کرد، بۆ ئەو مەبەستە (عەدنان کەریم) پلاتفۆرمێکی نووسی و تیایدا شیکردنەوەی هەمەلایەنەی ئەو پێشهات وئاڵوگۆڕە سیاسییانەی لە خۆدەگرت، بەشی یەکەمی شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسی عێراق و قەیرانەکانی دوای وەستانی شەڕ لەگەڵ ئێران و داگیرکردنی کوەیت وهۆکارەکانی لەخۆ دەگرت، بەشی دوایشی بریتی بوو لەبەدیلی خەڵکی کوردستان لەبەرانبەر ئەو بارودۆخە وبانگەواز بۆ ڕاپەڕینی جەماوەری وخستنەڕووی ئامانج

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وداخوازییەكانی خەڵك لەو ڕاپەڕینەدا، لەژێر ناونیشانی (نان، كار، ئازادی، حكوومەتی شوورایی)دا پوختە كرابۆوە(ئەحمەد موعین(عەدنان كەریم): 2022)، ئەو پلاتفۆرمە بووبە شووناسی سیاسی بەشێك لە گرووپە چەپەكان و تیایدا وەكوو پراكتیكی سیاسی (كۆمیتەكانی ڕاپەڕین) وەكوو گونجاوترین شێوازی كۆبوونەوەی جەماوەری بۆ ئەو قۆناغە دیاری كردبوو(عەدنان كەریم: 2020: 388؛ مامۆستا ستار: 2022).

ئەوەبوو لە ماوەیەكی كەمدا یەكێتی خەبات چەندین كۆمیتەیان دروست كرد، و چەندین كەسی چەپ و سەربەخۆیان لەدەوری ئەو كۆمیتانە كۆكردەوە، (ئەكرەمی میهرداد) دەڵێت: "بە زۆربەی جیاوازی بیروڕای چەپەكان مانگێك پێش ڕاپەڕین كۆمیتەكانی ڕاپەڕینمان دروست كرد، تەنانەت كۆمیتەكانی ڕاپەڕین من ناوم ناوە كۆمیتەكانی ڕاپەڕین، كە ژمارەیان (11)كۆمیتە بوو لە شاری سلێمانی، لەسەر ئەساسی ژمارەی گەڕەكەكان دروستمان كردبوون".(ئەكرەمی میهرداد: 2022).

لە سلێمانی كەسانی وەكوو (نەبەز خالید، مامۆستا ستار، شەونم مەحموود، ئەمیرە سدیق و خالید مەلاعەلی و فەرهاد فەرەج و شێخ وەهاب و لەتیفی برای نەجاتی موهەندیس وجەبار مستەفا وشیرین مورادو نەسرین خوا ڕەحم و جەباری سەرشەقام و عەزیز شەریف و تاهیر حەسەن و برایم موحەممەد و عەدنان كەریم و چەند كەسێكی تر لە كۆمیتەی سلێمانی چالاك بوون( مامۆستا ستار: 2021؛ نەبەز خالید: 2022) ، سەبارەت بەوەی كە كێ سەرپەرشتی كۆمیتەكانی ڕاپەڕینی دەكرد، ئەكرەمی میهرداد ئاماژە بەوە دەكات، كە سەرپەرشتیكار یەك كەس نەبوو، بەڵكوو هەماهەنگكردن هەبوو، بۆ نموونە لە كۆمیتەی توی مەلیك كەسانێكی وەكوو (ئەكرەمی میهرداد، یوسف یاسین، جووتیار نووری، كاروان حسێن، حاجی ئەنوەر، مامۆستا موحەمەد هەڵەبجەیی)بوو، كە كۆمیتەی توی مەلیكیان دروستكرد، یەكێك لەو كەسانەی زۆر چالاك بوو لە كۆمیتەكان(عەدنان كەریم)بوو، فازڵە ڕەش، ڕێبواری شێخ موحەممەد غەریب، شەماڵی حاجی تاهیر، كە خاوەنی ئوتۆمبێل بوو، ڕۆڵی باشی هەبوو، مامۆستا ستار سەمین، جەبار مستەفا، لە سلێمانی هەڵسووڕاو چالاك بوون.(ئەكرەمی میهرداد: 2022؛ فازڵە ڕەش: 2023).

تۆڕی كۆمیتەكان تا دەهات فراوانتر دەبۆوە لە شارەكانی كەركووك و هەولێریش كۆمیتەكان بە هەوڵی كەسانی وەكوو (وەستا جەلال ) لە هەولێر و (ئازاد مەجید و ڕێبوار ئەحمەد) و دەیان كەسی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تر لەو دوو شارە دامەزران و تا دەهات نفووزیان زیادی دەکرد، لە شاری هەولێریش کەسانی وەکوو (نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا، شەماڵ عەلی، ئازاد ئارمان، وەستا جەلال، جەلال سۆفی و مەریوان زەندی)بوو ئەمانەیش لە هەولێر کۆمیتەکانی ڕاپەڕین بوون.( میهرداد: 2022).

هەر شاری هەولێریش کۆمەڵە لاوێکی چەپ لە ڕۆژی(1991/1/21) بیریان لە پێکهێنانی ڕێکخراوێك کردەوە، بۆ ئەوەی هەندێ چالاکی سیاسی وسەربازی لەم سەروبەرە دژوارەدا ئەنجام بدەن، دوای ڕۆژێك بڕیاری دامەزراندنی درا، سەرەتا، ناوی(ژیانەوەی کورد)لێنرا، ژمارەی ئەندامەکانی (25)کەس بوون، پاشان ناوی بووە( ڕێکخراوی لاوانی شۆڕشگێڕ)تیۆری (مارکس_لینینی)یان پەیڕەودەکرد، تا ڕۆژی(1991/3/1)چەندین چالاکی ئەنجامدا، لەوانە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ڕێکخراو وپیسکردنی وێنەی سەدام حسێن ودروشم لەسەر دیوار نووسین وسێ تاوانباریان کوشت، کارەکانی خۆیان بەدانانی سەرکردایەتی ولیژنەی عەسکەری وراگەیاندن ودارایی وپەیوەندی کردن دابەشکردو، حەوت ژمارەی(چرای ئازادی)یان دەرکرد، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی(1991/1/30)دا دەرچوو، بانگەوازی خۆسازدانی بۆ ڕاپەڕین تێدا هاتبوو لەگەڵ بانگەوازێك بۆ ئەو خوێندکارانەی بەناوی (الدفاع المدني)، کەواز لە حکوومەت بهێنن وبەرپزەکانی گەلەوە پەیوەست بن، ڕێکخراوەکە ڕۆژی(1991/2/28) یەکەم پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردو دەورێکی بەرچاویشی لە خۆپیشاندانی ڕۆژی(1991/3/6)ی هەولێردا بینی.(بڕوانە: ئاڵای ئازادی: 1992 : 4).

کۆمیتەکانی ڕاپەڕین لە ڕێگەی (جەبار مستەفا)وە پەیوەندییان بە کۆمەڵێك کرێکاری کارگە ئەهلییەکان و هەڵسووڕاونی تری چەپەوە هەبوو، کە پێشتر ئەندامی یەکێك لەو ڕێکخرانە بوون،(مارف: 2022)، لەماوەی نێوان دروستکردنی کۆمیتەکانی ڕاپەڕین و شەڕی (گەردەلوولی بیابان) کۆمیتەکانی ڕاپەڕین ئیشیان بەباشی دەڕۆیشت و تا دەهات خەڵکی زیاتر لە دەوریان کۆدەبووەوە، کۆمیتەی باڵای ڕاپەڕین لە سلێمانی کە لەنوێنەرانی کۆمیتەی ڕاپەڕینی گەڕەکەکان پێکهاتبوو، کۆبوونەوەی بەردەوامی دەکرد، بەگوێرەی گێڕانەوەکان دوایین کۆبوونەوەی خۆی لەماڵی (نەبەز خالید) کرد کە ئەوکاتە ماڵیان لە نزیك یاریگای چوارباخ بوو، پلانی ڕاپەڕین دانرا، پەیوەندییان بە کۆمیتەی ڕاپەڕینەوە لە کەرکووك و هەولێر کرد، بە پێچەوانەی سلێمانییەوە کە

(14)کۆمیتـەیان لـە گەڕەکـەکان دامەزرانـد بـوو، لـە هـەولێر وکـەرکووك ژمـارەی کۆمیتـەکان کـەمتر بوون،( عەلی: 2022).

(نەجمـەدین فـەقێ عەبـدوڵڵا) بـاس لـەوە دەکـات ئـەوانیش وەکـوو کۆمـەڵێك کەسـی چـەپ کۆبوونەوەیان کردووە، باسی بزووتنەوەی شوورابیان کـردووە، هـەروەها بـاس لـە وەدەکـات کـە لـە ڕانیە(3/8)یان دانابوو بۆ ڕاپەڕین، چونکە ئەو ڕۆژە ڕۆژی ئافرەتانە، دوو هەفتە پێش ڕاپەڕین، خـۆی و دوو کەسـی تـر، لـە ڕێگـەی (عـەلی نەبی)یـەوە ئاسـانکاری بـۆ کـردوون بۆئـەوەی بچـن بۆلای سـەرکردایەتی یـەکێتی، بیرۆکەکـەیان بـۆ بـاس کردبـوون، بـەڵام گوتوویانـە ناکرێـت وباروودۆخەکـە مەترسیدارە و هەڵەبجەیەکی تر دروست دەبێت، دیارە ئەم وەڵامەش تەکتیکی بوو، باس لەوەدەکات کە ئـەوان (320)کەسیان ئامـادەکردبوو، بۆ ڕاپـەڕین، هـەموویان کەسـی چـەپی سـەربەخۆ بـوون.( عەبدوڵڵا: 2022).

لەشاری سلێمانی چەند دەستەوگرووپێك کەسایەتی تری چەپ هەبوون، عەلی محەمەد باس لـەوە دەکات کە خۆی چەند کەسێك پێش ڕاپـەڕین بەچـەند ڕۆژێـك کاتێـك هەسـتیان کـردووە حکوومـەت لاوازی پێوەدیارە لەدوای شەڕی کوەیت، بەیاننامەیـەکمان دەرکـردووە وتیایـدا خـەڵکیان هانـداوە بـۆ ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتی حکوومەت، ئەمەو جگەلەوەی بەهۆی چەند کەسێکەوە ئاگاداری هەوڵـەکانی کۆمیتەکانی ڕاپەڕین بوون(عەلی پێنجوێنی: 2023).

ناوەندی یەکێتی خـەبات ڕۆژی (1991/3/5) جەولەیـەکیان بـەناو شـاری سـلێمانیدا کـرد، و بۆیـان دەرکـەوت کـە دۆخەکـە ئاسـایی نییـە و حکوومـەت هێـزی مـەفرەزە تایبەتـەکان و جەیشـی شـەعبی وپۆلیسی لەسەر شەقامەکان بڵاوە پێکردوە، دەنگۆی ڕاپـەڕین لـە ڕانیـەوە بڵاوبۆوە، لیژنـەی باڵای کۆمیتـەکانی ڕاپـەڕین لـە (1991/3/6) کۆبوونـەوەی خـۆی کـرد، لـەو کۆبوونەوەیـەدا دوایـین پیاچوونـەوە بـە بڕیـار و ئامادەییـەکانی خۆیـان کـرد وبڕیـاری دەسـتپێکردنی ڕاپـەڕینیان لە(1991/3/7)دا،( خالیـد: 2022؛ میهرداد: 2022). لـەو کۆبوونەوەیـەدا بڕیاری ئـەوەش درا کـە بـەیانی ڕۆژی (3/7) کۆمیتـەی سەرشـەقام دەسـتبکەن بـە گردبوونـەوەی جـەماوەری و پـەلاماری مەڵبەندەکانی ڕژێم لە قۆڵی خۆیانەوە و کۆمیتەی زەرگەتەش بەهەمان شێوە.(کەریم: 401_402).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەم شێوەیە لە ئەنجامی چەندین هۆكار ڕاپەڕین لە باشووری كوردستانیش بەرپابوو. ئەگەر ڕاپەڕین لە خواری عێراقدا و لەشاری بەسرەوە بەشێوەی هەڵچوونێكی جەماوەری لە گەڕەكێكی دیاریكراوەوە دەستی پێ كردبێ، ئەوان لە كوردستاندا لە ئەڵقەیەكی لاوازی دووره دەستی ڕژێمەوە لە ڕانیە وناوچەی بتوێنەوە بەخۆ ئامادەكردنی پێشتر وبەدوای بانگەوازێكی هۆشیارانەوە لە(1991/3/5) دەستی پێكرد(مەزن: ئاڵای ئازادی: 1994: 112؛ مەرزنگ: 64: 1993؛ عەبدوڵلا: كوردستانی نوێ: 647: 1994 و649:1994)، لەشاری سلێمانی كۆمیتەكانی ڕاپەڕین، دەكەونە جموجۆڵ وچالاكیی وكۆبوونەوە لەگەڵ گرووپ ودەستەكانی تر، (فەرەیدون كونجرینی)باس لەوەدەكات ئەو لەڕێگەی خۆیەوە چەند پارچە چەكێكی پێشتر پەیداكردبوو، كۆمەڵە( سازمانی كوردستانی حزبی كۆمۆنیستی ئێران)یش هاوكاری كردبوون.(فەرەیدون كونجرینی: 2022)، ئەوەبوو ڕۆژی (3/7) كۆمیتەكان دەست بەكاردەبن و هەریەكە لای خۆیەوە دێتە سەر شەقام، هەرچەندە سەرەتا خەڵك لە ترسی پەلاماری هێزە ئەمنییەكانی حكوومەت نەدەهاتنە دەرەوە، بەڵام دواتر بەرەبەرە خەڵك بەدەم بانگەواز و دروشمەكانەوە هاتن، تەنانەت ئەندامانی باڵای ئەو كۆمیتەیە باس لەوە دەكەن لە كۆبوونەوەكەی ڕۆژی(3/6)دا باسیان لەوە كردوە كە باشتر وایە هەموو بەبەرگی مەدەنی وبەناوی كۆمیتەكانی ڕاپەڕینەوە بەشداریی بكەن وەكوو هێزێكی خەڵكی وجەماوەری تا هەوڵ وتێكۆشانیان بۆ پێشمەرگە وهێزەكانی بەرەی كوردستانی نەنووسرێت.( كەریم: 2022؛ نەبەز خالید: 2022؛ مامۆستا ستار: 2021)، عەدنان كەریم و خالید مەجید ئاماژە بەوەدەكەن:" لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەدا كەسێك هاتووە و پێی گوتوون كە ژمارەیەك پێشمەرگەی یەكێتی لە ماڵێكدان بە چەكەوە، ئێمە بەو كەسەدا پەیاممان بۆ ناردن كە بێن وبەناوی كۆمیتەكانی ڕاپەڕینەوە داوامان كرد پەیوەست بن بە خەڵكی ڕاپەڕیووەوە، بەتایبەتی كە ئێمە چەكدارمان پێویست بوو، كەسەكە وەڵامەكەی ئەوانی هێنایەوە كە گوتبوویان ئێمە تا ڕێنوێنی خۆمان نەبێت نایەین".( كەریم: 2022؛ خالید :2022)، دواتر بڕیاریان دا هێرش بەرنەسەر تەواریەكەی بەرامبەر زانكۆی سلێمانی كە بەرامبەر دەرگا سەرەكییەكەی زانكۆ بوو لەسەر سوچەكە، كە نزیكەی (200)كەس دەبوون و پاش هەندێ تەقەو پێكدادان هەردوولا تەقە دەوەستێنن و ئەندامانی كۆمیتەی ڕاپەڕین و ئەو خەڵكەی كە هاتبوون خۆیان دەكەن بە ناو بینای دووقاتی مەخفەرەكە و پۆلیسەكان چەك دادەنێن و دەڕۆن و

مەشجەبی مەخفەرەکە(کۆگای چەك)ی بنکەکە تەسلیمی ڕاپەڕیوان دەکەن و بەمەش کۆمەڵێك چەك دەکەوێتە دەست ئەندامانی کۆمیتەکە و خەڵکەکە(کەریم: س.پ: 408و409). دواتر ڕوودەکەنە بارەگای (شەهید عوسمان فایەق) کە بارەگای ڕێکخراوی بەعس بوو، دوای ئەوەی لە بڵندگۆی مزگەوتێکی ئەو نزیکەوە بانگەوازی خۆ بەدەستەوەدانیان لە لایەن (عەدنان کەریم)ەوە لێکرا، هاتنەدەرەوە وخۆیان بەدەستەوەدا، بەگرتنی ئەو بارەگایە خەڵکێکی زۆری لە گەڕەکی برایم پاشاوە ڕوو لەسەر شەقامەکانی ئەو نزیکانە دەکەن و لەگەڵ ئەو خەڵکەی لەو نزیکانە بوون تێکەڵ دەبن، پاشان لە فلکەی کاوەوە بەرەو خوارەوە دەبنەوە بەرەو فلکەی سجن، پاش تەقە و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کەم ئەوێش دەگیرێت، ئیتر بەهەزاران کەس بە سەرکردایەتی ئەندامانی کۆمیتەکانی ڕاپەڕین بە شەقامی پیرەمێرددا ڕوو دەکەنە سەرای سلێمانی، و هەمووان لەوێدا بەیەکتری دەگەن، بەمەش بەشێکی زۆری شار ئازادکرا.(عەدنان کەریم: 2022)، لەلایەکی تریشەوە (خالیدی مەلاعەلی) کە ئەندامی کۆمیتەی باڵای ڕاپەڕین بوو، لەگەڵ چەند کەسێکی تری ناو کۆمیتەی سەرشەقام چووبوون چەکێکی زۆریان لە سەربازگەی (تانجەرۆ) هێنابوو، بەسەر خەڵکی گەڕەکەکەدا دابەشی کرد،(کەریم: س.پ: 413).

بەو جۆرە ڕۆژی(1991/3/7) جگەلە ئەمنە سوورەکە، هەموو شوێنەکانی شاری سلێمانی گیران(کوردستانی نوێ: 1994:929؛ 934: 1995؛ کۆمەڵێك نووسەر: سلێمانی: 2000: 4) ، هەرچی لەو دەیان بنکە حیزبی ومۆڵگەی جەیشی شەعبی وحامیە و دائیرەی ئەمنەکان یان ئەو پیاوانەی ڕژێم کە لەماڵەکانیان یان لە مۆڵگەکانیاندا دەستگیر نەکرابوون، هەڵاتبوون و لەبینای ئەمنە سوورەکەدا خۆیان کۆکردبۆوە، لە هەمان کاتیشدا ئەمنە سوورەکە پڕبوو لە زیندانیی سیاسی لە هەموو لایەنەکان کە بەشی زۆریان ئەو کەسایەتییە کۆمۆنیستانە بوون کە ئەندامی دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا و بڵێسە و ڕەوتی کۆمۆنیست بوون، کە لەهەڵمەتەکەی مانگی تشرینی یەکەمی 1990 دوای لێدانی کوەیت دەستگیرکرابوون.(خەسرەو سایە: 2022)، ئەوە بوو ڕۆژی(1991/3/8) خەڵکی ڕاپەڕیوی سلێمانی ئابڵووقەی ئەمنە سوورەکەی سلێمانیان دا، ئەندامانی کۆمیتەی باڵای ڕاپەڕینیش کە بووبوونە خاوەنی چەك، تاوەکوو شەشی ئێوارەی ئەو ڕۆژە لەوێ بوون و بە هاوکاری لەگەڵ گرووپ و دەستە چەکدارەکانی تردا( وەستا جەمال: بیرەوەری: 1995:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

19و20)، دەستیان بەسەر ئەمنە سوورەکەشدا گرت.(کەریم: س.پ: 415)، شەوەکەی (1991/3/8) کۆمیتەی باڵای ڕاپەڕین کە ئەندامانی یەکێتی خەبات بوون لە ماڵی (نەبەز خالید) لە گەڕەکی چوارباخ کۆدەبنەوە بۆ بڕیاردان سەبارەت بە کۆتایی قۆناغی کۆمیتەکانی ڕاپەڕین و دانانی پلانی ئەڵقەی لەمەودوا،(کەریم: 415_-416) کە دروستکردنی شووراکان و چۆنێتی بەڕێوەبردنی جەماوەر بوو، ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، ڕۆژی(1991/3/8) بەرەی کوردستانیش کە پێشتر پلانی خۆی هەبوو بۆ ڕاپەڕین، چ لە سەرسنوور و چ لەناوشارەکان لەڕێگەی ڕێکخستنە نهێنیی وشانەکانی حزبە بەشدارەکانی ناوبەرە دابەزینە ناو شاروشارۆچکەکان.(مستەفا: 216_226؛ مەسعود: 61_92؛ مەجید ساڵح: 2021: 384_389؛ ئەرسەلان حەسەن: 151_154).

لەشاری هەولێریش چەپەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپەڕین، یوسف مەنتك دەڵێت: "ئێمە لەهەولێر وەك هاوڕێیانی دێرینی ئاڵای شۆڕش چەندین دیدارمان لە ماڵی هاوڕێ( ئیسماعیل سەرسپی) لە گەڕەکی مەنتکاوا ئەنجامدا، ئەم کەسانە لەو کۆبوونەوانەدا بەشدار بوون: ئیسماعیل سەرسپی، فەرهادی محامی، هۆشیارمەلا عەبدوڵلا کونەفلوسەیی لە گەڕەکی تەیراوە، ئەحمەد پاشا، شێروان مەولود سێنارەیی و براکانی، فەیسەڵ و فوئادی برای و شادیە، دڵشاد قەشقەیی و یوسف مەنتك".(مەنتك: دەستنووس)، ئەوەبوو ڕۆژی(1991/3/11) هەولێریش ڕزگارکرا،( سلێمان: 247_248)، ڕەوتی کۆمۆنیست لە ڕێگەی ئەو هەڵسووڕاو کادرانەی کە لەناو کرێکاراندا هەیبوو ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، چونکە بەر لەڕاپەڕین زنجیرەیەك چالاکیی سیاسیی گرینگی ئەنجامدابوو، جگەلە بڵاوکردنەوەی (ئەرکە دەستبەجێکانمان وداواکارییە کرێکارییەکان)و بەیاننامەی ڕەوتی کۆمۆنیست وکۆمەڵی پۆستکارد، سەبارەت بە هەلومەرجی جەنگی هاوپەیمانان وعێراق، چەند ڕۆژێك بەر لەڕاپەڕین ڕەوتی کۆمۆنیست بڕیاریدا شارەکان پڕبکات لە دروشمی سیاسی ودیوارەکان بنووسێت.(سلێمان: 2022)، لەگەڵ دەستپێکردنی ڕاپەڕینیش ڕەوتی کۆمۆنیست، بەشداربوو، تەنانەت کادرێکی پێشکەوتووی ڕەوت(عەبدوڵلا سلێمان) لە گرتنی (فرقەی فاروق)بریندارببوو(سلێمان: 2022) ، ڕۆژی دواتریش بارەگایان کردەوە و(جەمال کۆشش) بووبە بەرپرسی بارەگاکە،(جەمال کۆشش: 2022) و دەستیان کرد بە دروستکردنی شووراکرێکارییەکان، کە ئەرکی دروستکردن وپێکهێنانی شووراکرێکارییەکان بوو، لە نێوان ڕزگارکردنی ئەم دووشارە

گەورەیەی کوردستان( سلێمانی وهەولێر)دا ولەو کاتانەی تەواوی شاروشارۆچکە وئۆردوگاکان ڕاپەڕین و پێش ئەوە وبەردەوام ڕاپەڕینی چەکداری هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، بەتایبەتی دوای هاتنە خوارەوەی هێزێکی زۆری پێشمەرگەی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی بۆناو شارو ئۆردوگاکان.(دەباغ: 1992: 139).

لە شاری کەرکووکدا، چەند ڕۆژێك پێش ئەوەی ڕزگاربکرێت، هەڵمەتێکی ڕەشبگیری دەستی پێکردبوو، ئەمەوجگەلەوەی حکوومەت ژمارەیەکی زۆر سەربازو چەك وکەرەستەی سەربازی لە چواردەوری شارەکە جێگیرکردبوو،(کوردستانی نوێ: 934: 1995؛ خالید ئەمین: 2023). بۆ ڕۆژانی دواتر لە گەڕەکەکانی ڕەحیماوا، تەپەی مەلا عەبدوڵڵا، شۆریجە وشاترلو و گەڕەکەکانی تر ڕەشبگیرکرا،(وەستا ڕەسووڵ: لە یادی ئازادکردنی کەرکووکدا: 4 :2000: 72) کە تیایدا(24) کەس لە لایەن عەلی حەسەن مەجید(عەلی کیمیاوی)یەوە بڕیاری کوشتنیان درا و بەبەرچاوی خەڵکەوە لەسەر شەقامی گشتی شۆریجە گوللە باران کران( خالید ئەمین: 2023). دوای ڕزگارکردنی شاری هەولێرو سلێمانی، هێزەکانی پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی لەدوو لاوە هەوڵی ڕزگارکردنی شاری کەرکووکیان دا، لە پردێ و لە میحوەری چەمچەماڵیشەوە، لە لایەکی تریشەوە هێزی پێشمەرگە هەوڵی ڕزگارکردنی شاری دووزیدا، ئەوەبوو هێزێکی پێشمەگە لە ڕۆژی(1991/3/11)هەتاوەکوو( 1991/3/19) شارەکەیان ڕزگارکرد، بەڵام بەهۆی هێرشی پێچەوانەی حکوومەت بەهاوکاری چەکدارەکانی موجاهیدنی خەلق نەتوانرا تیا بمێننەوە وکشانەوە.(محمود: 16_36).

بێجگەلەم ڕێکخراوانە چەند دەستەو ڕێکخراوێکی تری چەپ هەبوون، کەلەڕووی قەبارە و ژمارەی کادیرو لایەنگرەوە کەمتر بوون لەناو شارەکان وئۆردووگاکان، بەڵام ئەوانیش تاڕادەیەك لەڕێگەی جیاجیاوە ڕۆڵیان هەبوو، وەکو هاندانی خەڵك وپەیوەندی کردن لەگەڵ چەند کەسێکی سەربە حکوومەت بۆ هاوکاریکردنیان لەکاتی ڕاپەڕین دا، هەروەها  هەریەکەشیان پەیوەندیان بەچەندین گرووپ ودەستە وکەسایەتیی تری چەپ هەبوو، وەکوو ڕێکخراوی دەستەی ڕاپەڕین، ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان.(مەرزنگ: 67).

لەناو بەرەی کوردستانیش چەند لایەنێکی چەپ هەبوون، ئەوانیش هەم لەڕێگەی ڕێکخستنەکانی ناوشارەکان وهەمیش وەکوو پێشمەرگە لەبەرەکان لەگەڵ لایەنەکانی تری بەرەی کوردستانی ڕۆڵی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرچاو وکاریگەریان لەڕاپەڕین وڕووداوەکانی دا هەبوو، لەوانە حزبی زەحمەتکێشان وهەرێمی کوردستانی حزبی شیوعیی عێراق وپارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، جگەلە لەو ئامادەکارییانەی کە وەك ئەندامی بەرەی کوردستانی و لەچوارچێوەی بەرەدا کردبوویان، خۆشیان وەك دوو حزب وڕێکخستنی سەربەخۆ لە ڕێگای چ ڕێکخستنەکانی ناوشاریان وچ وەك هێزی چەکدار تاڕادەیەك ئامادەکارییان بۆ ڕاپەڕین کردبوو، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی شاری هەولێرییەوە، پێش ڕاپەڕین ودوای تێکشکانی حکوومەتی عێراق لە کوەیت، چەند کۆبوونەوەیەکیان کردو چەند هەنگاوێکیان نا لەوانە: نووسینی چەند دروشمێك لەسەر دیوارەکان وهاندانی خەڵك بۆ ڕاپەڕین، لەسەر دیوارەکانی ناو شاری هەولێر، گرنگترینیان لە دەرگای قەڵات، گەراجی ڕیمەکانی ناوشار، گەراجی قوشتەپە، کۆلێجی پەروەردە، مجمع ڕووناکی و ئامادەیی بازرگانی کچان، کە یەکێك لە دروشمەکان(کرێکاران وزەحمەتکێشان ڕاپەڕن) بوو،(ئاڵای ئازادی: 113: 1994)، بەڵام نەخشەکە زۆر بەباشی نەچووە پێش لەبەرئەوەی چەند کادرێکیان دەستگیرکران، لەوانە:مامۆستا محەمەد، کە دواتر لەگەڵ ئازادکردنی شاری هەولێردا و لەکاتی شکاندنی دەرگای زیندان لەگەڵ چەندین زیندانی تر ئازاد دەبن، کە دواتر ڕۆڵێکی باشیان هەبوو لە قۆناغەکانی دواتری ڕاپەڕین وچەند کوژراو برینداریان دا، ئەمەو جگەلە دەرکردنی گۆڤاری (قەڵا) لە لایەن ڕێکخستنەکانی ڕەواندزی حزبەکە و بڵاوکراوەی(ژیلەمۆ) پێش ڕاپەڕین. ،(ئاڵای ئازادی: 113: 1994)، کاتێکیش ڕاپەڕین دەستی پێکرد، کادیرو پێشمەرگەکانی حزبی زەحمەتکێشان لە سێ قۆڵەوە دابەزینە ناو شاروشارۆچکەکان لەوانە: لە قۆڵی حاجی ئۆمەران بەسەرپەرشتی(بەهمەن حسێن) و(ڕەئوف ئاکرەیی)، لە قۆڵی پێنجوێن_سلێمانی بە سەرپەرشتی(عیماد ئەحمەد وئەبوبەکر خۆشناو و مامۆستا محەمەد مەلا حەسەن، هەروەها لە ناوچەکانی قاسمەڕەشەوە چەندین فەرماندە وپێشمەرگەیان لەگەڵ مەسعود بارزانی ونەوشیروان مستەفا هاتنە ناو شاروشارۆچکەکان.(عثمان: پێشهاتێن سیاسی: 2022: 159_158؛ ئاراس: س.پ: 260).

یەکێکی تر لەڕێکخراوە چەپەکان لە ڕاپەڕیندا ڕۆڵی هەبوو، (ئاڵای شۆڕش) بوو، بەڵام ئاڵای شۆڕش لەدوای دەستگیرکردن وزیندانی کردنی سەرکردەکانی لە لایەن یەکێتییەوە ودواتر گواستنەوەی سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئۆردوگای (زێوە) و ئەو

لێکترازان وناکۆکییە ناوخۆییانەی بەر لەڕاپەڕین لەناو ڕێکخراوەکەدا ڕوویدا، و پاشان دەستگیرکردنی چەند کادیرێکی تری ناوشارەکانی لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە، شیرازەی ڕێکخستنەکانی لاوازبووبوو، چالاکییەکانی بەتەواوی کزببوو، ئەمانەو چەند هۆکارێکی تر وایان کرد کە ڕۆڵی ئاڵای شۆڕش لە ڕاپەڕین وئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین سنووورداربێت، هەرچەندە ئەندامانی ناوشارەکانی ئاش باس لەوەدەکەن (مەلا بەختیار)کاغەزی بۆناردوون و داوای لێکردوون کە خۆیان کۆبکەنەوە و چەکیش پەیدا بکەن، و لەپاڵ لایەنەکانی تردا ئامادەکاری بکەن بۆ ڕاپەڕین، لە ڕاپەڕینی شاری سلێمانی دا لەپاڵ لایەنە چەپەکانی تردا بەشدارییان کرد، بۆنموونە کەسێکی وەك(ئازادە ڕەش) ئەندامی ئاڵای شۆڕش بوو چەکی پەیداکردبوو، لەگەڵ کۆمیتەکانی ڕاپەڕین بەشداربوو لە بەرپاکردنی ڕاپەڕین.(دلێر عەباس: 2023).

هەر سەبارەت بەڕۆڵی ئەندامان وکادرانی ئاڵای شۆڕش لەشارێکی وەکوو کەلار هەروەك هەڵسووڕاوێکی ئەوکاتەی ئاڵای شۆڕش دەڵێت:" لە ڕۆژانی ڕاپەڕیندا سەرجەم هاوڕێیانی ئاڵای شۆڕش، لەکەلار کۆبووینەوە بۆڕاپەڕین خۆمان سازدا وبووینە یەکەمین گرووپی سەرپەرشتیی ڕاپەڕین لەکەلار وگەرمیان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکەمین کۆبوونەوەی لە مزگەوتی گەورەی کەلاردا، لەگەڵ ئێمە سازدا، لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەری یەکێتی، عەدنانی حەمەی میناو سەلاحی کوێخا و ئاڵای شۆڕش بورهان ئەحمەد نیزامەدین وسیروان کەریم گەلاڵی و عەدنان عوسمان و بورهان محەمەد فەرەج بووین، هەردوولامان بڕیاری هاوکاریمان لە پرۆسەی ڕاپەڕین دا وجێبەجێشمان کرد".(بورهان فەرەج: 2015؛ بورهان فەرەنج: 2023؛ عەدنان عوسمان: 2023)، بەم شێوەیە هەموو شارۆچکەکانی وەکوو کەلار، دەربەندیخان، باوەنوور، سمود، کولەجۆ لە(3/9) ڕزگارکران(دلێر عەباس: 2023). هەر دوای ڕزگارکردنی شاری سلێمانی ڕێکخستنەکانی ئاش کۆدەبنەوە ویەکەمین بارەگای ئاڵای شۆڕش دەکەنەوە، پاش چەند ڕۆژێك(مەلا بەختیار)و چەند کادرێکی تر دەگەنەوە ناوشار، ئیتر بەهاتنەوەی مەلابەختیار کادرە دێرینەکانی ئاڵای شۆڕش کۆدەبنەوە، (مەلا بەختیار: 2020:427؛ مەلا بەختیار: 2023) دواتریش هەماهەنگی لەگەڵ شووراکان دەکەن و هەفتەی دووجار کۆدەبنەوە ودواتریش بە هێزێکی هاوبەش کۆدەکەنەوە وبەشداری ئازادکردنی شاری کەرکووك دەکەن.(دلێر عەباس: 2023).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حزبی شیوعیی عێراق(هەرێمی کوردستان)، لەشاخ ئەندامی بەرەی کوردستانی بوو، لەناو شارەکانیش مژۆڵی کاری ڕێکخستن بوو، بەڵام لەدوای پرۆسەی ئەنفال وکیمیابارانکردنەوە، وەکوو هەموو لایەنە سیاسییەکانی تری ناو بەرەی کوردستانی، چالاکییەکانی کزبوون، بەڵام لەگەڵ داگیرکردنی کوەیت و لێدانی سوپای عێراق لە لایەن هاوپەیمانانەوە بەسەرکردایەتی ئەمریکا، ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعیی عێراقیش لەشاری هەولێر، لە ڕۆژ(1991/3/4) کۆبوونەوەکیان کرد لەگەڕەکی سەیداوا، بەبەشداری( سەلاح مەزن، سروود، ئەحمەدە گچکە، دڵشاد وبەکر حاجی) بەمەبەستی ئەنجامدانی خۆپیشاندانێك بۆ ڕەواندنەوەی ترسی ڕژێم لە لای خەڵك(ڕێگای کوردستان: 1992: 2 ؛ سەلاح مەزن: 2022). ، هەروەها تا ڕۆژی دیاریکراو، چەند چالاکییەکیان ئەنجامدا، وەکوو: بڵاوکردنەوەی بەربڵاوی بانگەواز و بەیاننامەکانی حشع و بەرەی کوردستانی و لیژنەی کاری هاوبەش، کە داوای ڕاپەڕینی خەڵکیان ددژی دیکتاتۆری دەکرد، لەکەدارکردنی وێنەکانی سەدام حسێن بەهۆی هێلکەی پڕ بۆیەکراو لەبەردەم نادی مامۆستایان و مەکەزی شەباب و سێتاقان وبازاڕی قەسابان، بریندارکردنی (ابو ئەحمد) لە نزیك مەرکەز شەباب سێتاقان(ڕێگای کوردستان: 1992:2)، ئەوەبوو (1991/3/6) خۆپیشاندانەکەیان ڕێکخست، کە لەم خۆپیشاندانەدا چەندین کەس وگرووپی چەپی تر بەشداریان کرد، کە چەندین دروشم دژی ڕژێم دەگوترایەوە (بەکر حاجی: ڕزگاری: 27 :1997) و داوایان لە خەڵك دەکرد بێنە ناو خۆپیشاندانەکە، بەڵام دواتر چەکدارانی حکوومەت دەوری خۆپیشاندانەکیان گرت ولەو نێوانەشدا چەند هاووڵاتییەك بریندار بوون، ئەمەش وایکرد بە خێرایی خۆپیشاندانەکە کۆتایی پێ بێت.(بەکر حاجی: هەمان سەرچاوە).

ئەمەو جگەلەوەی حزبی شیوعیی عێراقی ئەندامی بەرەی کوردستانی بوو، بەدەر لە ئامادەکاری و کۆبوونەوەکان لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانی، خاوەن هێزی چەکدارو ڕێکخستن بوو، بەشدارییەکی کارایی لە ڕاپەڕین وئازادکردنی شاروشارۆچکەکان دا کرد.(هەڵەدنی: ڕۆڵی حزبی شیوعیی عێراق: 2020: 218_231).

پارتی دیموکراتی گەلی کوردستانیش وەکوو پارتێکی چەپ چ لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ناو شارەکان وچ لە ڕێگەی هێزە چەکدارەکانییەوە کە بەشێك بوون لە بەرەی کوردستانی(یوسف محمد: پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان: 2020: 95_101) بەشداری ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی ئازاری

1991یان لە باشووری کوردستان کردووە(یوسف : هەمان سەرچاوە: 132_133)، لەکاتی ڕووداوەکانی ڕاپەڕین لە شارۆچکەی ڕانیە ڕێکخستنەکانی ناوخۆی بەسەرپەرشتی(محەمەد ئەحمەد ئالی) بەشداربوون و لەکاتی هێرش کردنەسەر هێزە ئەمنییەکانی حکوومەتی عێراق کوژران، ئەمەو جگەلەوەی سەرکردایەتی پارتی گەل بەسەرپەرشتی( عەبدولمەجید ئیبراهیم عەزیز/ مەجید ڕزگاری) دوو کۆبوونەوەی بەهێزی پێشمەرگەکانی کرد بۆ ناردنیان بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، پێشمەرگەکانیان بەسەر شاری دهۆك وهەولێر وسلێمانیدا دابەش کرد، دوای ڕزگارکردنی شارۆچکەی ڕانیە هێزەکانی پارتی گەل بە سەرپەرشتی(محمود محمد مەجید کەرکووکی) لەگەڵ ڕێکخستنە ناوخۆییەکانی وچەندین جاشی چەکدار کە پەیوەندییان بە هێزەکانی پارتی گەلەوە کردبوو، بەشداری ڕزگارکردنی ئۆردوگای بازیان وباینجان و سلێمانی وچەمچەماڵ وقەرەهەنجیردا کرد،(یوسف محمد: 133)، ئەمەو جگەلە بەشداریکردن لە ڕزگارکردنی کەلار، لە ڕۆژی(1991/3/11)یشدا لە ڕاپەڕینی شاری هەولێردا بەشدار بوون، لەکاتی ڕزگارکردنی دهۆکیش لە(1991/3/14) ڕێکخستنەکانی پارتی گەل پێش گەیشتنی پێشمەرگەکانی پارتی گەل توانیان دەست بگرن بەسەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەمنی دهۆك وبارەگاکانی تری حزبی بەعس لەو شارەدا، تەنانەت یەکێك لە ئەندامانی ڕێکخستنەکانیان لەکاتی هێرش کردنە سەر ئەمنی دهۆك لە ڕۆژی(3/14) بەناوی(ئەسعەد حاجی) کوژرا، دواتریش لە ڕزگارکردنی ئاکرێ وسێمێل وزاخۆ بەشداربوون.(یوسف: هەمان سەرچاوە: 134) ئەمەو جگەلەوەی هێزی پارتی گەل لەکاتی ڕزگارکردنی شاری کەرکووکیش لە ڕێگەی هەردوو لقی سلێمانی وهەولێردا بەشدار بوون. (یوسف: هەمان سەرچاوە: 135).

## تەوەرەی دووەم :چەپەکان و (پێکهێنانی شووراکان)

لەدوای ڕزگارکردنی شاری سلێمانی، لە ڕۆژی(1991/3/9) ڕێکخراوە چەپەکان، کە پێشتر ولە پلاتفۆرم و بەرنامەو پرۆگرامی خۆیاندا دروشمی دروستکردنی (حکوومەتی شووراییی)یان وەك بەدیلی حوکمڕانی کردنی جەماوەر بەرزکرد بووەوە، دەستیان کرد بەکارو چالاکی، و یەکەمین شوورایان لە قوتابخانەی ئاوات لە گەڕەکی عەلی کەمال دروستکرد، کە بوە بنکەی سەرەکی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڕێوەبردنی سەرجەم شووراكانی تری شار، كە ژمارەیان (21)شوورا بوو.( بۆ زیاتر :مظفر محمدی::1998: 13 _ 17).

هەڵسوڕینەرانی شووراكان، بەشێكی زۆری ئەندامان ودەستە وگرووپە چەپە ماركسییەكان بوون، وكاركردنیشیان لەناو شووراكاندا هەوڵدانێك بوو بۆ جەماوەری كردنەوەی ڕێكخراوەكانیان لە ڕێی كاری شوورایییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر كەسی سەربەخۆ هەبوون شوورایان بە موڵك وخەباتی خودی جەماوەر دەزانی و لە بەربەرەكانییەكی توونددا بوون لە دژی ڕێكخراو پەرستی.(نەژاد: هەلومەرجی ڕاپەڕینی ئازار: خەرمانە: 1991: 95).

یەكێكی لە هەڵسووڕاوانی شووراكان دەڵێت:"ئێمە كاتێك دەستە چەكدارەكانمان دروستكرد، سەعات(8)ی بەیانی (1991/3/7) كە دەستمان كرد بە ڕاپەڕین، مەفرەزەكەی مەجیدبەگ برابوو بۆ واجب، واتە(10)كەس هاتین، بە دوو ڕومانەی دەستییەوە چەكمان بە قەرزی چەند سەعاتێك پەیداكرد، هەر لە(3)سەعاتی یەكەمدا ئەم شوێنانەمان گرت: شرطەی ئیسكان، مكافەحەی ئیجرام، مرور، گومرگ، مخابەرات، شەهید عوسمان، دادگا، زیندان، سەرای كۆن، شكاندنی گەنجینەكانی ناو زانكۆ وخەڵك بردی، لە سەرچنار دەستیان گرت بەسەر مونەزەمە وئەبوو سەنا، لە خانووە قوڕەكان بەسەر مەركەزی پۆلیس و جەیشی شەعبی، لەقەرەجاوا بەرەو حەسیب ساڵح وموحافزیەت..هتد. ڕۆژی (1991/3/8)هێشتا ئەمن نەگیرابوو ئێمە هەڵساین بە مەسیرەیەك بەسەرتاسەری شاردا، یانزە لافیتەمان نووسیبوو: كەسانی هۆشیار ودڵسۆز هەڵبژێرین بە نوێنەری خۆمان، شووراكان بكەن بە بنكەی خەباتی درێژخایەن، جەماوەری شۆڕشگێڕ، دەستكەوتەكانی ئەم شۆڕشە نرخی خوێنی ئێوەیە، بەفیڕۆ لەدەستی مەدەن، هۆشیاری چینایەتی چەكی ڕزگاری، جەماوەری شۆڕشگێڕ، شووراكانی خۆتان پێك بهێنن، دەرمانی مەخزەن ونەخۆشخانە زەمانی خەڵكی شۆڕشگێڕ وبریندارە، هەركەس دەستی بۆ بەرێ اعتبارە بەدزی.( دەنگی ڕاپەڕینەكەی كوردستان وبزووتنەوەی شوورایی: 1991: 23_24).

ئەوەبوو لە قوتابخانەی (ئاوات) بەرامبەر بە مزگەوتی عەلی كەمال، چەپەكان شوورایان پێكهێنا( ڕۆژا: خەرمانە: 1991: 61؛ مظفر محمدی: سەرچاوەی پێشوو: 17)، شووراكان لە لایەن شوورای گشتی كەلەم قوتابخانەیەدا بوو، سەرپەرشتی دەكرا، كەسە دیارەكانیان كە چالاك بوون

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وسەرپەرشتی شووراکانیان دەکرد، پێکهاتبوون لە: ئەکرەم میهرداد، مامۆستا موحەمەد دۆڵەمەڕی، یوسف یاسین، جووتیار نووری، سۆران شێخ محەمەد، وچەند کەسێکی تر، لەم شوورایەدا بڕیار ورێنمایی دەردەکرا، دادگایی کەسانی تاوانباری ڕژێمی بەعس وپیاوەکانی کراوە، هەر لە شووراکەدا بڕیار لەسەر چارەنووسی چەندین کەس درا، بەوەی کە بێتاوانن یاخود دەربازکردنی هەندێك خەڵك کەزانرا تاوانیان نییە، ڕەوانەی ئێران کران.(ئەکرەمی میهرداد: 2022؛ حاجی ئەنوەر: 2023).

ئەم شوورایانە لەوماوەیەدا تاوەکوو گەڕانەوەی حکوومەتی عێراق وڕووداوی کۆڕەوەکە، چەندین کاروچاکییان ئەنجامدا لەوانە:هەر شوورایەك ئیزاعەی خۆی هەبوو، بەرنامەی پێشکەش دەکرد لە بڵاوکراوە، چالاکی شیعر، پێداویستی گەڕەك، خەستەخانەی تیابوو بۆ گرتنی خوێن و بردنی بۆ خەستەخانە، چارەسەری نەخۆشی زەحمەتکێشانی گەڕەك(خالید مەجید: 2022).هەر شوورایەك چەند لیژنەیەکی هەبوو وەك: ڕاگەیاندن، سەربازی، پزیشکی، کارگێڕی، شووراکان کۆبوونەوەی گشتی گەڕەك وکارگەیان دەکرد ونوێنەریان هەڵدەبژارد کە کاروبار چ لەگەڕەك وکارگەیان دەکرد ونوێنەریان هەڵدەبژارد کە کاروبار چ لەگەڕەك وچ لەکارگە بگرێتە دەست، بەڵام هەموو شووراکان نەیانتوانی کۆبوونەوەی گشتی بکەن، هەموو ئەو بڕیارانەشیان لە ڕێگەی پەیڕەوێکەوە بەناوی( قانوونە ئەساسییەکانی حکوومەتی شوورایی)دیاری کردبوو( بەڵگەنامەی ژمارە3).دواتریش دروستکردنی سوپای بەرگری، بەمەش هەموو شووراکان خاوەنی چەك وهێزی چەکداربوون( نەبەز خالید: 2022)، شووراکان چەند مەیدانێکی جەماوەریان هەڵبژارد بوو کەکاری تێدا بکەن، شەو وڕۆژ لە بارەگای شووراکان دەمانەوە، قسەوباس هەبوو، سرودی شۆڕشگێڕانە لێ دەدرا (عەلی مەولوود: 2022)، ڕۆژی (1991/3/16) شووراکان بە یادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەیان کردەوەو، کە توانیان چەندین هەزارکەس بهێننە سەرشەقام، ئەمەش وەکوو خۆپیشاندانێکی جەماوەری چەپەکانی لێهات، چونکە یادەکە زۆر بەشێوەیەکی ڕێکخراو وبەرنامە بۆ داڕێژراو ئەنجامدرا، چەندین کەسی چەکداری شووراکان دەوری یادەکەیان پاراست ونەیانهێشت هیچ ڕووداوێکی نەخوزراو ڕووبدات، ئارمی شووراکان لەسەر جلوبەرگی ئامادەکارانی یادەکە نەخشێنرابوو، ئاڵای سوور ولافیتەی تایبەت بە یادەکە نووسرابوون(میهرداد: 2022) ، ئەوانەی لەو ڕۆژەدا بەشداریان کردووە پێیان وایە ئەوە پیشاندانی هێزی شووراکان بوو بۆ بەرەی کوردستانی، کە توانیان لەماوەیەکی کەمدا جەماوەرێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زۆر لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە، چونکە تا ئەکاتەش بەرەی کوردستانی پێی وابوو شووراکان خەڵکێکی وا بەرچاویان لەگەڵدا نییە.(ئەکرەمی میهرداد: 2022). ڕۆژی (1991/3/17) کۆبوونەوەی گشتی نوێنەرانی هەموو شووراکان لە شوورای مەجیدبەگ کرا، بۆ ئەوەی شوورای سەرتاسەری شار پێک بێت، بەڵام ئەم کۆبوونەوەیە بەهۆی ململانێی فکری گرووپ وڕێکخراوە چەپەکانی ناو شووراکان و تێڕوانینی هەندێکیان لە بەرانبەر بەرەی کوردستانی وچۆنێتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی شوورا ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە هەندێکیان کێشمەکێش و ئەو گوتارو دروشمە توند وڕادیکاڵانەی هەندێك لە گرووپە چەپەکانیان قبووڵ نەبوو.(دڵشاد مەجید: 2023).

لە شاری هەولێریش شووراکان لە زۆر شوێنی شار بنکەو بارەگایان کردەوە، ئەوانەی لە شووراکان بوون کەسانی چەپ و ڕێکخراوە چەپەکان بوون، شووراکان کاری باشیان کرد بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك، لەم بارەیەوە یوسف مەنتك دەڵێت:" ئێمەش هاوڕێیانی دێرین وگرووپی ڕاپەڕین لە هەوڵی دروستکردنی شوورایەك بووین لە گەڕەکی مەنتکاوە، شوێنی کارکردنمان لە مەکتەبی کنێری سەرەتایی دیاری کرد، یەکەم ڕۆژ بانگەوازمان بۆ خەڵك کرد بێن، بووبە هەڵا، گوتیان ڕژێم هاتەوە، ئێمەش بانگەوازمان کرد بۆ خەڵك بێن، ڕاناکەین و دیفاع دەکەین، دەستمان بەناو نووسینی خەڵك کرد، شەو جەولەیەکی باشمان کرد بەنێو گەڕەکەکانی مەنتکاوا ومەهاباد و 92دا کرد.( یوسف مەنتك: 2022)، بەڵام لە شاری هەولێر دوو جۆر شوورا دروستکرا، شوورای خەڵك کە زۆربەی ڕەوت وڕێکخراوە چەپەکانی تێدابوو، لەگەڵ شوورای کرێکاری، کە (ڕەوتی کۆمۆنیست) سەرپەرشتی دروستکردنی دەکردن، هەر لەم بارەیەوە (عەبدوڵڵا سلێمانی) وەکوو کادرێکی ڕەوتی کۆمۆنیست دەڵێت:"مەڵبەندی شوورا کرێکارییەکان دروست ببوو، لە قوتابخانەیەك بوو لە پشت قەڵا(مەبەستی قەڵای هەولێرە)، چوومە مەڵبەند ولەوێدا کۆمەڵێك هەڵسووڕاوی کۆمۆنیستم بینی، ئەرکی مەڵبەندی شووراکرێکارییەکان، پێکهێنانی شوورا کرێکارییەکان بوو لە کارگەکان"( لەودیو پەنجەرەی ڕۆژگارەکانەوە: 2020: 249بۆ 251)، ئەوەبوو لە کارگەی نەسیجش شوورایەك لە نوێنەرانی کرێکاران پێك دەهێنن کەپێکهاتبوون لە: تاڤگە ئیبراهیم، سوهەیلە قادر، عەبدوڵڵا سلێمان، ڕوقیە، نەزمیە، شادیە عەبدوڵڵای نەسیج و چەند کەسێکی تر، دواتریش بەئامادەبوونی هەندێك لە کادرانی ڕەوتی کۆمۆنیست وەکوو( سەمیر نووری، کاروان عومەر کاکەسوور، گۆران عەبدوڵڵا و ژمارەیەکی

تر لە هەڵسووڕاوانی ڕەوت، لە کارگەی جگەرەی شارەکە بەئامادەبوونی نزیکەی(700)کرێکار شووورای کارگەکە دادەمەزرێنن.(عەبدوڵلا سلێمان: 2022؛ سەمیر نوری: 2022)، لە ئاکامی کۆبوونەوەی گشتی هەر ڕۆژەی ئەم کۆمەڵە خەڵکە(2) بنکەی شوورایی خەڵك لە گەڕەکەکان و شوورایی کرێکاران لە کارگەو کارخانەکان پێکهاتن، وبەشێوەی کاتی دەستەیەکی دامەزرێنەریان بۆدانرابوو. (جەعفەر عەلی وئەردەڵان کابایز: سەرچاوەی پێشوو: 6)، بەڵام داواکاری سەرختستنی هەڵبژاردنی ئازادانە ودیموکراتیکی، نوێنەری هەموو گەڕەك وکارگە وشوێنەکانی کاروسەرجەم دام ودەزگاکانی دەوڵەت بوون، داخوازییان دەکرد کە تێکڕای خەڵك لە بەڕێوەبردنی ئیش وکارە گشتییەکانی شارەوانی ودەوڵەتی، لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان بەشدار بن، بە گوێرەی ئەم ڕێ وڕەسمە هەر نوێنەر ولێپرسراوێك لە بچووکترین تا باڵاترین لە لایەن کۆبوونەوەی گشتییەوە دادەنران، یان لادەبران، دروشمی سەرەکی شووراکان ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی ویەکسانی ژن وپیاو، چەکداربوونی گشتی و...تد بوو.( ئاڵای شۆڕش: 4: 1993)·

دوای ئازادکردنی شاری کەرکووکیش لە(1991/3/21) هەڵسووڕاوانی چەپە مارکسییەکان دەستیان کرد بە کۆبوونەوە وراگۆڕینەوە لەسەر چۆنێتی پێکهێنانی شووراکان، ئەوەبوو هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی شووراکان لەشارەکەدا لەو ڕۆژەدا( خالید ئەمین: 2023)، بەیانێکیان بەناونیشانی( گشت دەسەڵات بۆ شووراکان) بڵاوکردەوە وتیادا چەند خاڵێکیان وەکوو ئەرکی هەنووکەی خۆیان ڕاگەیاند، کە لەبەشێکیدا هاتبوو:" ئەرکە فەرورییەکانی خەڵکی شۆڕشگێڕ لە ناوچە ڕزگارکراوەکان: 1.چەکدارکردنی ژن وپیاوی بێ چەك وکۆکردنەوەیان بۆ پاراستنی ئاساییش لە گەڕەکەکان و ماڵ وموڵکی خەڵکی ستەمدیدە، 2. ئیعدام کردنی شۆڕشگێڕانەی ئاشکراو فەوری بۆهەموو تاوانبارانی سەر بە بەعسی گۆڕکراوی سەرکوتکەر، 3. دامەزراندنی بنکەی شوورایی لەهەر گەڕەکێك، 4. بانگەوازکردن بۆ کرێکارانی ئاو وکارەبا بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری بە خەڵکی ناوچە ڕزگارکراوەکان..".(بەڵگەنامەی شووراکان) ئەوەبوو هەر لەهەمان ڕۆژدا بنکەی شوورا لەچەند گەڕەکێك دامەزرا، لەوانە بنکەی شورای( حەسیرەکە) و(ئیسکان)، هێزە چەکداری شوورایی لە دەوری ئەم بنکانە پێکهات، بەمەبەستی تێکشکاندنی بەرگری حکوومەتی عێراق وبەکرێگیراوەکانی،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها بۆ پاراستنی سەروماڵی خەڵك، پاشان دەستیان کرد بە بانگەواز بۆ کۆبوونەوەی گشتی بۆ ئەوەی لە گەڕەکەکانی تریش شوورا پێك بێت(مظفر محمدی: سەرچاوەی پێشوو: 53).

هەروەها لەگەڕەکی (حورییە)ش شورا پێکهات، کە لەبەیانی پێکهێنانی شووراکەدا هاتووە: لە کاتژمێر 3:30پاش نیوەڕۆ نزیکەی(400)ئەندامی شوورایی خەڵکی حورییە وچەندین کەس لە هەڵسووڕاوانی شووراخوازی کۆبوونەوەی گشتی خەڵکی سازگرا، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی بنکەی شوورایی خەڵکی ئیسکان، وبنکەی شوورایی سۆڕیجە، ... داوکاری خەڵکی حورییە بەگشتی لە دەوری ئەم خاڵانە یەکانگیر دەبن: 1. داواکاری ئاساییشی گەڕەك، وەك ڕاگرتنی دەستدرێژی کردنە سەر ماڵان بە بیانووی ئەوەی ڕەفیق حزبین، هەروەها ڕێگا گرتن لە فەرهوود. 2. داواکاری ئاو وخواردەمەنی و سووتەمەنی. 3. داواکاری دەست بەسەراگرتنی خواردەمەنی و سووتەمەتی دەوڵەت ودابەشکردنی لە خزمەتی خەڵکیدا. 4. چەکدارکردنی گشتی خەڵك. ئەمانە و جگەلەوەی کۆمەڵێك داواکاری دیکە، دوای نزیکەی سەعات ونیوێك لە گفتوگۆی جەماوەری، وهاتنە سەر بەشی دووەمی کۆبوونەوەکە کە بریتی بوو لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی شوورایی خەڵکی حورییە کە(17)خۆهەڵبژێر هاتنە پێشەوەو ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆ خزمەتی خەڵکی ستەمدیدەی حورییە، دوای پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجامەکەی بەم شێوەیە بوو: ئازاد 68دەنگ، محمد ئەمین 66 دەنگ، عزالدین 65 دەنگ، شەهاب 57 دەنگ، نەژاد 57 دەنگ، نازم 56دەنگ، ...."(بەڵگەنامەی شووراکان).

شووراکان لەشاری کەرکووکیش لەو ماوەیەدا چەندین کاروچالاکیی گرنگیان ئەنجامدا، وەکوو دابەشکردنی خۆراك وکەلوپەل بەسەر خەڵك، کە دەستی بەسەراگیرابوو لە لایەن ئەم بنکانەوە، و هەوڵدان بۆ خستنەوەگەڕی کارگە ودائیرەکان لەڕێگەی شووراکانەوە، پێکهێنانی کۆمیتەیەك لەدژی بێکاری، کە هەنگاوە کردارییەکانی بریتی بوو لە گێڕانەوەی کرێکاران وفەرمانبەرانی دەرکراو(کەلەکاتی حکوومەتی بەعس دەرکرابوون)، بۆسەر کارەکانی پێشووی خۆیان لە ڕێگەی شووراکانەوە، هەروەها لە گەڕەکەکان هەوڵیاندا کە سندوقێکی یارمەتی مالی وهەرەوەزی پێك پێکبهێنن بۆئەوەی پێداویستییەکانی خەڵکی گەڕەکی پێ دابین بکرێت، پاشان لە هەندێك شوێن کارکرا بۆ دابین کردنی سووتەمەتی و ئاوی خواردنەوە بۆ گەڕەکەکان. مظفر محمدی: سەرچاوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشوو: 54). دواتر لە گەڕەکەکانی (ڕەحیم ئاوا، عەرەفە، حەسیرەکە، ئیمام قاسم، ئیسکان، شۆڕجە، تەپە، ئازادی، یادگار)، بنکەی شوورا بە دەست پێشخەری چەپەکان پێکهات، تەنانەت لەهەندێك شوێن خەڵکی عەرەب وتورکمانیش بەشداریان کرد. مظفر محمدی: 55).

یەکێکی تر لەوکارانەی شووراکان لە شاری کەرکووك ئەنجامیاندا دەکردنی بڵاوکراوەی(دەنگی ئازاد)بوو(بەڵگەنامەکان) ، کە ویستیان وەکوو بڵاوکراوەیەکی هەفتانە کاروچالاکی وکۆبوونەوەکان ڕابگەیەنێت، دواتر بڵاوکراوەکی تریان بەناوی(شوورا) بەشێوەی ڕۆژانە لە لایەن بنکەی شوورای گەڕەکی ئیسکانەوە دەرکرد، کە(نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد) سەرپەرشتی دەرکردنی دەکرد.(نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد: 2022)، بنکەی شوورای گەڕەکی حەسیرەکە(ئیمام قاسم) ڕادیۆیەکی مەحەلیان دانا، کەلە چەند گەڕەکی شاردا وەردەگیرا، مظفر محمدی: سەرچاوەی پێشوو: 56). بەڵام بەهۆی ئەوەی ماوەی پێکهێنانی شووراکان لەم شارە کەم بوو، و دووبارە گەڕانەوەی هێزەکانی حکوومەتی عێراقی بۆ شارەکە نەتوانرا ئەو کاروچالاکییانەی نەخشەی بۆکێشرابوو ئەنجامی بدەن، ئەوەبوو هێزەکانی بەرەی کوردستانی کشانەوە، بۆیە سەرجەم هەڵسووڕاوانی شووراکان لە گەڕەکەکانی کەرکووکدا لە دوا ساتەکاندا لەگەڵ خەڵکی کەرکووك لە شارەکە دەرچوون. مظفر محمدی: سەرچاوەی پێشوو: 71و72). بەمەش لەگەڵ ئەو هێزانەی کەلە شاری سلێمانییەوە بەمەبەستی بەرگری کردن و شەڕ هاتبوونە چەمچەماڵ یەکیان گرتەوە، هەرچەندە بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی بەرەی کوردستانی چوونە بەرەی شەڕ لە قەرەهەنجیر( خالید مەجید: 2022).

## تەوەرەی سێهەم/ هێرشی حکوومەتی عێراق وشووراکان

بەشێوەیەکی گشتی شووراکان خاوەن هێزێکی چەکداربوون، خۆیان بۆ بەرگری ئامادەکرد و خەڵکیان بۆ ئەم مەبەستە بانگەواز کرد، بە بڵندگۆ بەشاردا دەسووڕانەوە وداوایان لە خەڵك دەکرد شار چۆڵ نەکەن وبەرگری بکەن.

لەدوای(9) ڕۆژ لە ڕزگارکردنی کەرکووك، هێرشی پێچەوانەی حکوومەتی عێراق دەستی پێکرد، بەهاوکاری چەکدارەکانی ڕێکخراوی(موجاهیدینی خەڵقی ئێران) کوشتارێکی زۆریان لە خەڵکی گەڕەکە کوردییەکانی شارەکە کردو چەندین پێشمەرگەش لەو هێرشەدا کوژران،( تۆفیق خورشید

شوان کادر): ڕەنجی دایکم: 2022: 499)، شووراکانی شاری کەرکووك بەهۆی ئەوەی چەکداربوون هەوڵیاندا بەرگری بکەن، بەڵام بەهۆی کشانەوەی پێشمەرگە و نا هاوسەنگی هێز لە بەرانبەر هێزی زۆری حکوومەت وبەکارهێنانی کۆپتەرو چەندین چەکی پێشکەوتوو نەتوانرا بەرگری بکرێت، و هەڵسووڕاوانی شوورایش وەکوو خەڵك ئاوارەی شارەکانی تر بوون ولەوێشەوە ڕۆیشتنە سنوورەکان.( سەمیر نوری: 2022؛ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد: 2022).لە (1991/3/31) سوپای عێراق لە سێ قۆڵەوە هێرشی کردە سەرشاری هەولێر، هەردوو هونەرمەندی ناسراوی شاری هەولێر بەناوی (جەوهەر باپیر ناسراو بەخدری لۆبیا فرۆش، لەگەڵ نەوزاد ڕەمەزانی نانەوا)کوژران.(یوسف مەنتك: 2022).

ئەو هێزەی شووراکانیش کەلە شاری سلێمانییەوە بە پاس چوون بەرەو ناوچەکانی چەمچەماڵ وچیمەنی نزیك کەرکووك، ئەوەتا یەکێك لە هەڵسووڕاوانی شووراکان لە بیرەوەرییەکانییدا ئاماژە بەوە دەکات، "کە ئەمڕۆ(مەبەستی 3/30) هێزی چەکداری شووراکان ئامادەیە ولەگەڵ گشت پێداویستییەکانی ئامادەکراوە لە چەك وفیشەك وتەقەمەنی وئاربی جی پێداویستی تەندرووستی، وە لێپرسراوانی هێزەکە ومەفرەزەکانی ودابەشکردنی دەروونی ئەم هێزەو بەشەکانی دیاری کراوە، بۆ هەربەشێکیش لێپرسراوان دانراوە، چەند کەس لە هەڵسووڕاوانی کۆمیتەی نوێنەرانی شووراکان وڕابەرانی بزووتنەوەی شوورایی لەگەڵ ئەم هێزەدا دەچن، لە کەرکووکیش هێزێکی بەرچاوی شووراکانی کەرکووك هەیە، هەر ئەمڕۆش هێزێکیش بۆ ناوچەی جەلەولاو کفری چووە..)( سەرچاوەی پێشوو: 71و72) ، هێزی شووراکان کەلە ژێر سەرپەرشتی چەند کەسێکی سەربازیدا بوو، یەکێك لەوانە( فەرەیدون کونجرینی) بوو، وەکوو خۆی باسی دەکات لەگەڵ (مەلابەختیار) هەماهەنگیان کردووە وچوونە نزیکی بانی مەقان ولەوێ هەندێك لە فەرماندەکانی(بەرەی کوردستانی) وەکوو (ملازم عومەر، دەروێش ئاغا وعوسمانی قادر منەوەر) لەیەکێك لە بنکەکانی بەرەدا لە کۆبوونەوەدا بوون، دوای ئەوەی بارودۆخەکە دەبینن بڕیاردەدەن بچنە ئۆردووگای شۆڕش، لەوێ شەو دەمێننەوە وبۆ بەیانی (ملازم عومەر عەبدوللا) پەیوەندیان پێوەدەکات وداوایان لێ دەکات کە وەکوو هێزی شووراکان بەرەیەك وەربگرن بۆ بەرەنگاری و تەنانەت ئامادەی خۆشی نیشان دەدات تاوەکوو چەکیان پێبدات، و مام جەلالیش لە ڕێگەی ملازم عومەرەوە داوای یەکتربینیان لێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکات،(مەجید ساڵح: 2021: 405) بەڵام ئەو یەکتربینینەش رێك ناکەوێت، ئیتر بڕیاردەدەن لە دەربەند بازیان بەرەیەك بکەنەوە، بەڵام دواتر لە ئەنجامی چۆڵکردنی بەرەی پێشەوەی شەڕەکە کە ناوچەکانی بانی مەقان ودواتریش چەمچەماڵ بوو، ئەم ناوچەیەش لەلایەن حکوومەتەوە دەگیرێتەوە،(فەرەیدون کونجرینی: 2022؛ مەلا بەختیار: 428)، بەڵام بەشێکی ئەم هێزە لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتی عێراق ڕووبەڕوو بوونەوە، ئەوەبوو ژمارەیەك لە هێزی شووراکان کوژران وبریندار بوون لەوانە: (سەردار مەحموود عارف، نامیق عەزیز عەلی) ڕۆژی (1991/4/1) لە شەڕی بەرەنگاری لەدژی هێزەکانی حکوومەتی عێراق کوژران، (شوان عومەر قادر، نەوزاد کەمال قەرەداغی) کە لەڕۆژی(1991/4/2) لە شەڕی بەرەنگاری لە ناوچەی تاسلۆجەی سلێمانی کوژران،(ڕێبوار ئەحمەد: 2017: 220؛ مظفر محمدی: 78)، بەشێکی تری هێزەکەش پەرتەوازە دەبێت وڕوودەکاتە ناوچەی قەرەداغ ودواتر لەوێوە دەپەڕێتەوە بەرەو ناوچەکانی بەری سلێمانی.(خالید مەجید: 2022) لە (1991/4/3) پێشمەگەی بەرەی کوردستانیش بەبێ شەڕێکی دیار لەشار کشانەوە.(مەجید ساڵح:س.پ: 402).

سەبارەت بە هەڵوێستی ڕەوتی کۆمۆنیستیش لە بەرگری کردن ئەوەیە کە ڕەوت بەشێکی سەرەکی وگرینگی هێزی چەکداری شووراکانیان پێك دەهێنا، و بەشێکیان هەتاوەکوو چەمچەماڵ ڕۆیشتن بەمەبەستی بەرگری کردن، دواتر لە ئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی بەرەی کوردستانی وخێرایی پێشڕەویی هێزەکانی حکوومەتی عێراق، هێزەکە نەیتوانی بەرگری بکات، دواتر کشانەوە وویستیان لە تاسلۆجە بەرگری بکەن، بەهۆیەوە چەند کەسێکیان کوژران وبریندار‌بوون، پێشڕەو باس لەوە دەکات کە ڕەوت کۆتا هێزی چەکدار بوو کە لەشاری سلێمانی کشاونەتەوە وشاریان چۆڵکردووە، تەنانەت لە کاتی کشانەوەدا کادرێکیان بەناوی(ئامانج محەمەد) برینداردەبێت، کەدواتر بەبرینداری دەبرێتە نەخۆشخانە، دواتر هێزێکی ڕەوت دێن ودەیبەن بۆ پێنجوێن ولەوێشەوە بۆ شاری سنە بۆ نەشتەرگەری، دواتر ڕێکخراوی ڕەوت دەکشێنەوە بۆ گۆخلاُن لای پێنجوێن لەوێ بنکەیەك دەکەنەوە(پێشڕەو: 2023) ، و تا ماوەیەك لەوێ دەمێننەوە، دواتر پێشڕەو دەچێت بۆ گولان بۆ بارەگای کۆمەڵە، لەوێ نزیکەی(18)چەك وکۆمەڵێك فیشەك وەردەگرێت(پێشڕەو: 2023) ، هەڵسووڕاوانی ڕەوتی کۆمۆنیست، لە هەولێر وبادینانەوە ڕوو دەکەنە ڕانیە ولەوێ بنکە دەکەنەوە،

ودەست دەكەن بەچالاكیی سیاسی وڕاگەیاندن، ئەو بەشەی سلێمانیش كەڕوویان كردبووە پێنجوێن، بەشێك لە كادرە سەرەكییەكان وناوەند لە شاری پێنجوێن دەمێننەوە و بەشێكیش لە كادرە ناوەندییەكانیان ڕوو دەكەنە گۆخڵان لەنزیك سنوور، لەوێ بارەگایەك بەناوی (بارەگای ڕەوتی كۆمۆنیست) لەناو چادرێكدا دەكەنەوە،(پێشڕەو: 2023) دواتر لەم بنكەیەدا كۆبوونەوەیەك دەكەن و بڕیاریان لەسەر چارەنووسی ڕەوت وچالاكییەكانی دواتریانا.(ڕێبوار ئەحمەد: 220).

لەشاری هەولێریش شووراكان هەوڵیاندا بەرگری بكەن وشار چۆڵ نەكەن، دووهێزی سەرەكیان پێكهێنا، یەكێكیان بۆ بەرگری بەرامبەر هێرشی هێزەكانی حكوومەت لە گەڕەكەكانی باشووری هەولێر جێگیركرابوون، هێزێكیشیان لەناوەڕاستی شار لە دەوری قەڵای هەولێر بۆ پاراستنی ئاسایشی شارو ڕێگاگرتن لەكاری تیرۆر وتۆقاندنی ئەندام ولایەنگرانی حكوومەتی عێراق كە خەریكی تەقینەوە بوون لەناوشاردا، هێزی چەكداری شووراكان لە چەند قۆڵەوە لەگەڵ هێزە سەركوتگەرەكان كەوتنە شەڕەوە، شەڕەكە تا ئێوارەی(1991/3/31)ی خایاند، چەندین كەسی مەدەنی كوژران وبریندار‌بوون، و چەندین كەسیش لەهێزی چەكداری شووراكان لەم شەڕەدا (واحید عوسمان خدر ناسراو بە كاكە سوور، ڕزگار عەلی حەسەن، ڕاستگۆ یەحیا نەجم، ڕەشاد عەلی حەسەن، فەرهاد عەلی حەسەن) ڕۆژی(1991/3/31) كوژران(ڕێبوار ئەحمەد: س.پ: 220؛ مظفر محمدی: س.پ: 75و76). هێزەكانی بەرەی كوردستانیش لەهەموو شارەكان كشانەوە، و تووشی شكست بوون ئەمەش بەهۆی چەندین هۆكاری بابەتی وخۆیی.(مەلا لەختیار: یەكەمین كۆڕ: 2017: 65تا81). هێزی چەكداری شووراو هەڵسووڕاوانیان بەشێكیان كەلە شار مابوونەوە وخۆیان حەشاردابوو، بەشێكیشیان ڕوویان كردبووە لای ڕانیەو دۆڵی گوڵانی نزیك ڕانیە، لەوێ لەنزیك بارەگاكانی كۆمەڵە( سازمانی كوردستانی حزبی كۆمۆنیستی ئێران) نیشتەجێ بوون، ودواتریش ئەم بەشە لەگەڵ هەندێك لە هەڵسووڕاوانی چەپی شووراكان (هەستەی كرێكارانی سۆسیالیست) دروست دەكەن، ئەندامانی هەستە لە هەر ٣ شاری سلێمانی، هەولێر و كەركووك هەبوون و لە ڕانیە، قەڵادزێ و شارۆچكەكانی دیكەش هەبوون، ئەم گرووپە دەستەیەكی دامەزرێنەری فراوانی هەبوو، كە ئەمانە بوون: خەسرەو سایە، موزەفەر عەبدوڵا، وەستا جەلال، سامان كەریم، شەماڵ عەلی،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عەبدوڵا مەحموود، شوان، مامۆستا محەمەد، ئەکرەم میهرداد و ڕێنوار جەلال.(ڕێبوار ئەحمەد: س.پ: 253؛ ئاراس ڕەشید: 2023).

## تەوەرەی چوارەم/ هۆکارەکانی شکستی شووراکان

تەمەنی شووراکان لەگەڵ دەستپێکردنی ڕاپەڕین بوو لە شاروشارۆچکەکانی باشووری کوردستان، چەندین گرووپ ورێکخراوی چەپ دامەزرێنەر وبەشداری شووراکان بوون، هەندێك کەسیش کە سەربە هیچ کام لەو ڕێکخراوانە نەبوو، وەکوو کەسێکی چەپی سەربەخۆ چووبوە ناو شووراکانەوە، ئەمە وایکردبوو کە شووراکان لەیەك ڕێکخراوی خاوەن دیسپلین وبیروباوەڕ پێك نەیەت، و سەرچاوەی بڕیاردانی جۆراوجۆر بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆیان لە ڕووداوەکان بە گوێرەی لێکدانەوەی بەرژەوەندی ڕێکخراوەکە دروست ببێت، هۆیەکیش بوو بۆئەوەی وەگرتنی بڕیار بۆ هەڵوێست وەرگرتن بەرانبەر ڕووداو وگۆڕانکارییەکان وپەیوەندییەکان قورس وزەحمەت بێت، هەروەك لە کتێبی (دەرسەکانی شوورای هەولێردا هاتووە: لە شووراکان هیچ سیاسەت وئەلگۆیەکی ڕۆشنی نەبوو بۆ بزووتنەوەی شوورایی، بەڵکوو لە هەر تەحلیلێکی بەرەو پێش چوونی فعلیەتی شووراکان زیاتر ئەم چەپە دەرگیری کێشەی دەروونی دەبوو، لێکترازان تێیدا ڕوویدەدا) بڕوانە: (جەعفەر عەلی، ئەردەڵان کابایز:15). هەر لەبەرئەوەیە ئەتوانین بڵێین هەر لەسەرەتای دامەزراندنی شووراکانەوە هەڵگری تێڕوانینی جیاواز وگەرای لێکترازان بێت، لەم بارەیەوە نووسەرێك پێی وایە، کە "هۆیەکی خورت نەبوون و چەمانەوەی شلکە نەمامی شووراکان لەبەر زریانی دژە دیموکراسی(بەرە)دا، بەرزکردنەوەی دروشمی شوورای ڕووتی کرێکاری وزەق کردنەوەی داواکارییە کرێکارییەکان وبەکەم گرتنی مەسەلەی میللی و تێنەگەیشتن لە خواست وویست وسایکۆلۆیەتی جەماوەر بووە، دەرك نەکردنیان بە چەمك وحەقیقەتی ڕاپەڕینەکان".( پشکۆ: 55) بۆ ئەمەش نموونەی ئەوە دێنێتەوە کە، تەقینەوەی ململانێ وناکۆکی نێوان دوو دیاردەی سیاسی، کۆمەڵایەتی ناتەبا وبەزەبر پێکەوە شەتەکدراو کە تاسەر پێکەوە هەڵکردنیان مەحاڵە، ئەویش بوونی ڕژێمێکی داگیرکەر وزەوتکەری خاك ومافی ژیانی میللەتێك لە لایەك وحەقیقەتی بوونی میللەتێك وەك بەشێك لە نەتەوەیەك وبزووتنەوەیەکی ڕەوای نەتەوایەتی کەلە پرۆسەیەکی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە دایە

وروووە ئاسۆی ڕزگاری ومافی چارەنووس بەڕێوەیە، ئەوان ڕاپەڕینیان وەکوو پرۆسەیەکی بەلاداکەوتنی پۆزەتیڤانەی ململانێ چینایەتی نێوان کرێکارانی کوردستان ورژێمی سەرمایەداری فاشستی عێراق چاولێکردووە و دامەزراندنی حکوومەتی شوورایی(کەلە ڕاستیدا لە دیدی ئەوانەوە هەر دیکتاتۆریەتی کرێکارانە) بە ئەلتەرناتیڤی سیاسی بۆ چەندوچوون زانیوە، مەسەلەی نەتەوایەتی وکێشەی مافی چارەنووسیان لە بازنەی تەنگی تیۆری دەرنەهاویشتووە وبەکردەوە جەماوەرییان بێ پشت وپەنا لەبەر شاڵاوی دیکتاتۆرییەتی بەرەدا بە ناچاری پاشەکشە دەکەن)( پشکۆ: 1991).

یەکێك لە کەموکورتییەکانی ئەو پارت وڕێکخراوە چەپانە لەو قۆناغەدا ئەوەبوو، کە ڕێکخراوی قاڵبووی نێو بزووتنەوەی کرێکار نەبوون، تەمەنی سیاسی هیچیان نەدەگەیشتە(10)ساڵ و لەژێر هەلومەرجی خەباتی ژێرزەمینی دژبە حکوومەتی بەعس دا، توانای چوونە ناو کرێکاران وسازدانی مانگرتن وخۆپیشاندانی ئابووری وسیاسییان نەبووە.(پشکۆ: 1991: 55).

لەناو خودی بزووتنەوەی شوورایدا دوو ڕێباز بەدوو باڵی سەرەکی دژ بەیەك لە بزووتنەوەدا هەبوون، باڵێك ك شوورا جەماوەرییەکان لە خزمەت ڕێکخراوی خۆیاندا دەبینیەوە، هەرچی باڵی دووەمە کە تەواو لەگەڵ بزووتنەوە جەماوەرییەکەدا بوو، شووراکان بە بە موڵك و ڕیزی سەربەخۆی جەماوەر دەزانی و ڕازی نەبوون بەدژە ڕەوتە جۆراوجۆرەکان بۆ ناو شووراکان (دڵشاد مەجید: 2023)، باڵی یەکەم لە کاتێکدا دروشمی (ئازادی، یەکسانی، حکوومەتی کرێکاری (لەسەر وەزنی، ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری ح.ك.ا) چیتان دەوێ کرێکار، هەفتەی (35)سەعات کار، وبەرەو ڕێکخستنی کۆمیتە کرێکارییە شۆڕشگێڕییەکانیان بەرزکردبۆوە، بەڵام شوورا جەماوەرییەکان(خەڵکی) دەیان وت: نان، کار، ئازادی، حکوومەتی شوورایی وهێزی شووراکان لە ڕێکخراوی جەماوەردایە(نەژاد: 1991: 59). ئەوانەی داوای شووراکرێکارییەکانیان دەکرد، زیاتر لە ڕوانگەیەکی ئایدیۆلۆژیی وتیۆرییەوە سەیری بابەتەکەیان دەکرد، وپێیان وابوو ئەبێت چەپ وکۆمۆنیستەکان ڕیزی خۆیان لە حزبە ناسیۆنالیستەکان کەمەبەستیان پێی بەرەی کوردستانی وهەندێك لایەنی تربوو، جیابکەنەوە وداواکانیان کرێکاریی وڕادیکاڵ بێت، و لەبەرامبەر بۆرژوازییەتدا چۆك دانەدات( موئەیەد ئەحمەد: 2022؛ حاجی ئەنوەر: 2023) ، بەڵام ئەوانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خوازیاری دروستکردنی شووراکانی خەڵك یان جەماوەری بوون، بیانگەیان بۆ مەسەلەکە ئەوەبوو کە هەموو خەڵك بخەنە ڕیزی شووراکان ولەو ڕێگەیەوە حوکمڕانی خۆیان بکەن، چونکە خەڵکێك هەبوو کەبڕوای بە چەپ نەبوو، بەڵام لەدەوری شووراکان کۆببوەوە، وئامادەبوو بەرگری لێ بکات، بۆ ئەمەش چەندین نموونە دێننەوە، ئەومە وجگەلەوەی ئەمان ڕایان وابوو هێشتا کرێکار بەوڕێژەیە نییە کە بتوانێت ڕیزی خۆی جیابکاتەوە وبتوانێت لەبەرامبەر دەسەڵاتی بۆرژوازیدا بوەستێت، یاخود ڕاپەرینەکە ڕاپەڕینێکی کرێکاری نەبووە لەبەرامبەر دەسەڵاتی سەرمایەداری، ئەوە جەماوەرە ڕاپەڕیوە وخوازیاری دەسەڵاتی خۆیەتی لەڕێگەی شووراکانەوە، دەبێت شووراکان پەرژێنێك بن بۆ پاراستنی بەرژەوەندی وخواستەکانی جەماوەر ولەو ڕێگەیەوە خەڵکی دەسەڵات بەدەست بهێنێت، هەروەها بەهۆی شەڕی عێراق وئێران وکاولکردنی ژێرخانی ئابووری عێراق وکوردستان لەسەر دەستی ڕژێمی بەعس بەهۆی ڕاپێچ کردنی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاروزەحمەتکێش بۆ بەرەکانی شەڕ، ئیش وکار نەبوو، تاوەکوو کرێکاران داوای کەم کردنەوەی کاتی کارکردن بکەن وداخوازییەکانیان بەڕووی دەسەڵاتی سەرمایەدارو خاوەن کارگەکاندا بەرزبکەنەوە( فەرەیدون کونجرینی: 2022) ، تەنانەت کە دەسەڵاتی حکوومەتی عێراقی نەمابوو هێشتا دەسەڵاتی بەرەی کوردستانیش جێگیرنەبوو.

ئەمەو جگەلەوەی شووراکان گرێدراو ورێکخراو نەبوون، پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان نەبوو، بیرکردنەوەی جۆراوجۆری تێدابوو، ڕابەرایەتییەکی هەماهەنگ و کارامەی نەبوو، تاوەکوو بتوانێت بەیەك ئاڕاستە کۆنترۆڵی کارەکانی شووراکان بکات لە سەرتاسەری شارەکاندا.( عەلی مەولوود: 2022).

ڕۆژی (1991/3/18)بەرەی کوردستانی لە ڕێگەی (ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە) ئیعلانی هەڵوەشانەوەی شوورای ڕاگەیاند، ئەمەش خۆی لەخۆیدا مانای دژایەتی کردنی شووراکانی دەگەیاند، بەرەی کوردستانی لەسەر زاری نەوشیروان مستەفاوە ڕایان گەیاند کە لەجێگەی شووراکان ئەنجوومەتی شارو گەڕەکەکان هەڵدەبژێرن.( مظفر محمدی: س.پ: 32؛ جەعفەر عەلی، ئەردەڵان کابایز: دەرسەکانی شووراکانی هەولێر: 9).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شووراکانیش لە بەرانبەر ئەم ڕاگەیاندنەدا ڕۆژی(1991/3/18) کاتژمێر (2)پاش نیوەڕۆ کۆبوونەوەی گشتی نوێنەرانی شووراکانیان، دەربارەی هەڵوێست وەرگرتن بەرانبەر بڕیارەکانی بەرە کرد، ئەوەبوو بڕیاردرا کە دانووستان لەگەڵ بەرەی کوردستانیدا لەسەر ئەم پرسە بکەن، ئەوەبوو ڕۆژی(1991/3/19) کاتژمێر(9)ی بەیانی کۆبوونەوەی نوێنەرانی شووراکان کە پێکهاتبوون لە(خەسرەو سایە، لەگەڵ نوێنەرانی بەرە دانیشتن، لەهەمانکاتدا بڵاوبووەوە کە نوێنەرانی شووراکان گیراون ودەست بەسەرن، لە بەرامبەر ئەم ڕووداوەدا ڕۆژی (1991/3/20) ڕێپێوان دەستی پێکرد دژی هەڵوێستی بەرەی کوردستانی بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی شووراکان( دەنگی ڕاپەڕینەکەی کوردستان: 1991: 25).

بە پێچەوانەوە بەرەی کوردستانی، کە دوژمنی سەرەکی شووراکان بوو، بەهێزتربوون، خاوەنی ئەزموونی خەباتی شاخ بوون، پەیوەندیان زیاتر بوو، بەڵام هێزی شووراکان لەناو جەماوەردابوو، هەستی ناسیۆنالیستی و بەرگری کردن زاڵتر بوو. (جەعفەر عەلی، ئەردەڵان کابایز: 18).هەردوو هێزەکە(بەرەی کوردستانی) و(شووراکان) لەسەر گەلێك مەسەلەی ئایدۆلۆژی و سیاسی ململانێ لە نێوانیاندا هەبوو، سەرچاوەی ئەم ململانێیە دوو دیدی جیاواز ودوو ڕوانگەی فیکری جیاوازبوو، کە لەدوو جۆگەی ئایدیاییەوە بە تەریبی یەکترییەوە دڕۆیشتن، نە خاڵی دەستپێکردن ونە خاڵی یەکانگیربوونیان لە کۆتاییەوە نەبوو.( فوئاد قەرەداغی: 1994: 42).

بۆیە سەرەنجام بەرەی کوردستانی بانگەوازی لەدژی شووراکان لەڕادیۆی گەلی کوردستانەوە بڵاوکردەوە، وبە دەسەڵاتێکی ناشەرعی دانە قەڵەم و شووراکانی بە ئاژاوەگێڕن وهیچ ڕەسمەتێکیان نییە وئاماژەی بەوەکرد کە بەرەی کوردستانی خۆی ئەنجوومەنی گەڕەك وشارەکان پێکدەهێنن.(عەلی محەمەد ئەمین: 2023؛ خەسرەوسایە: 2022؛ ڕێبوار ئەحمەد: 215)، بەمەش شووراکان دەستیان کرد بەخۆپیشاندان لەدژی ئەم بڕیارەی بەرەی کوردستانی، تاگەیشت بە خۆپیشاندانی گەورە، شەڕە دروشم کەوتە نێوان بەرەوشووراکان، لەم بارەیەوە بەرەی کوردستانی ڕایگەیاندووە: شوورا شوورای چیتانە، خەڵکی ڕقی لێتانە، لەبەرامبەریشدا دروشمی شووراکان بریتی بوو لە: شووراشوورای خەڵکییە وهیچ قسەی لەسەر نییە، ئەم ململانێیە بەوە گەیشت کە بەناچاری بەرەی کوردستانی داوای گفتوگۆ بکات، ئەوەبوو دانووستان لە نێوان نوێنەری شووراکان و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نوێنەری بەرەی کوردستانی لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی ڕوویدا،ئەوەبوو پێنج کەسی نوێنەری شووراکان( سایە: 2022)، لەگەڵ بەرە کۆبوونەوە، خەسرەوسایە گوتەبێژی شاندی نوێنەری شووراکان بوو، دانووستانەکە بە ئەنجامێکی ئەوتۆ نەگەیشت.(مظفر محمدی: 99).

عەبدوڵلا سلێمان کەخۆی یەکێك بوو لە ڕابەرانی شوورای کرێکاری شاری هەولێر دەنووسێت:"وەك چۆن لە جەرگەی ئەو ئازادییە سێ هەفتەییەی شاری هەولێر شووراکرێکارییەکان دروست بوون وبەدەست پێشکەری ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ئەم بزووتنەوەیە بەڕێخرا، ئاواش بزووتنەوەکە بە سرووشی خۆی لە دوو ململانێی گەورەدا بوو: یەکەم، ململانێ لەگەڵ برادەرانی شوورای خەڵك، جیاوازی تاکتیکەکانی نێوان ئەو دوو مەیلە، بووە هۆی ناتەبایی و نابەهرەمەند بوونی ئەو بزووتنەوەیە لەتاکرێزی، دووەم: ململانێ لەگەڵ بەرەی کوردستانی وحیزبە کۆنەپەرستەکانی".(سەرچاوەی پێشوو: 260_261).

کەمال ڕەئوف کەخۆی یەکێك بوو لە هەڵسووڕاوانی شووراکان دەنووسێت:"شوراکانی شاری سلێمانی ئامادەنەبوون، لەنێو چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا خەبات بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیان دەویست بەرەی کوردستانی بەدوژمنی خۆیان لەقەڵەم بدەن، بەڵکوو لە هەوڵی ئەوەدا بوون میکانیزمێك بدۆزنەوە بۆ هاوخەباتی وراگرتنی جۆرە پەیوەندییەك، کە بەقازانجی سەرخستنی ڕاپەڕین وداخوازییەکانی جەماوەر بێت، شوراکان لەبەرئەوەی خاوەن یەك ئایدۆلۆژی ویەك تێڕوانین نەبوون، لە لایەك سیاسەتی دژایەتی بەرەی کوردستانی سیاسەتی شووراکانی بەرەو گرژبوونەوە دەبرد، لە لایەکی تریشەوە هەندێك بۆچوون وتێڕوانینی نێو شووراکان ودەرەوەی شووراکان، سیاسەتی شووراکانی خراپ لێك دەدایەوە وخوازیاری سیاسەتێکی توندوتیژ وناواقعیانە بوو، باڵی بەهێزی ناو بەرەی کوردستانی، لە هەوڵی ئەوەدابوون، ئەو دەنگە جیاوازە لەنێو ڕاپەڕین نەهێڵن، ".(ڕاپەڕین: هاوڵاتی: 15: 2001: 5).

لە ئەنجامی هێرشی حکوومەتی بەعس بۆسەر شارە ئازادکراوەکان خەڵکێکی زۆر ئاوارە بوون ورووبان کردە دەرەوەی شارەکان، لێشاوی خەڵکی پەنابەر ڕوویکردە سنوورەکان( مەجید ساڵح: س.پ: 403) ، دیمەنی کۆچی خەڵك وئەو تراژیدیایەی بەسەر ئاوارەکاندا هات، و لە ئەنجامی فشاری میدیاکان، بەزەیی ڕای جیهانی بەجۆرێك بزواند گوشار بۆ حکوومەتەکانیان ببەن فریای کورد

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکەون،(نەوشیروان مستەفا ئەمین: 2009: 20)، و پاشان کەسایەتیەکانی دۆستی کورد و داواکاری فەرمی تورکیا و ئێران و فەرەنسا، ئەنجوومەنی ئاسایش لە ڕۆژی 5 ی نیسانی 1991 دا کۆبۆوە، لەکاتی پێشکەش کردنی بڕیاری (688)، هەریەك لە کوبا و یەمەن و زیمبابوا دژبوون و چین و هندستانیش دەنگیان نەدا. بەڵام سەرجەم ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش دەنگیان لەسەر بڕیارەکە داو بڕیاری (688) ی ئەنجومەنی ئاسایش پەسەندکرا. (هیوا مینە: هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوا: 2012: 20)بەمەش ناوچەی دژە فڕین پێکهات وبەشێك لە خەڵك وهێزەکانی بەرەی کوردستانی گەڕانەوە شارەکان، دوای دەست پێکردنی دانووستانەکانی بەرەی کوردستانی و حکوومەتی عێراق بارودۆخەکە تا ڕادەیەك ئارام بووەوە، و چونکە لیژنەی هاوئاهەنگی لەنێوان حکوومەتی عێراق وبەرەی کوردستانی لەهەموو شارەکانی کوردستان پێکهێنرابوون.( سوارە محەمەد ئەمین ئاغا: 2022: 225).

بەمەش قۆناغێك لە چالاکیی پارت وڕێکخراوە وگرووپە چەپەکان کە خۆی لە بزووتنەوەی شوورااییدا دەبینییەوە کۆتایی هات، ولەماوەی ئاوارەیی وکۆڕەوەکەدا ئەم گرووپ وڕێکخراوانە پەرت وبڵاوبوونەوە، و دەسەڵات ونفوزی شووراکان بەهۆی چەندین هۆکاری ناوخۆیی ودەرەکییەوە دروست نەبووەوە.

بەم شێوەیە لەگەڵ دووبارە گەڕانەوەی سوپای حکوومەتی عێراق بۆ شارەکان وکۆڕەوی خەڵکی شارەکانی کوردستان بەرەو سنوورەکانی تورکیا وئێران، تەمەنی شووراکانیش کۆتایی هات.

## ئەنجام

لەدووتوێی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە ئەم دەرەنجامانەی لای خوارەوە:

1.تێکشکانی هێزی سوپای عێراق لە شەڕی کوەیت دا ورەی خەڵکی بەگشتی بەرزکردەوە و هەلێکی باشی بۆ گرووپ وڕێکخراوە چەپەکان ڕەخساند، تاوەکوو خۆیان بۆ ڕاپەڕین ڕێك بخەن.

2.چەپە مارکسییەکان هەندێکیان لە ناو شارەکان خاوەنی ڕێکخستن وشانەی نهێنی بوون، ئەمەش وایکرد دەست پێشخەربن لە هاندانی جەماوەر وڕۆڵی گرنگیان لە ڕاپەڕیندا بینی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمەو جگەلەوەی کۆمەڵێك حزب ورێکخراوی تری چەپ لەناو بەرەی کوردستانی بوون وئەوانیش لەناو بەرەدا ڕۆڵی خۆیان هەبوو لە ڕاپەڕیندا.
3.چەپەکان دەست پێشخەربوون لە دروستکردنی شووراکان و پێشکەشکردنی کۆمەڵێك خزمەتگوزاری سەرەتایی لەڕێگەی ئەم شوورایانەوە بە خەڵکی لە کاتی ڕاپەڕیندا، واتە شووراکان بەرهەمی چالاکیی چەپەکان بوو.
4. هەڵوێستی بەرەی کوردستانی لە بەرانبەر شووراکان لە شاری سلێمانی باش نەبوو، بەهەموو شێوەیەك هەوڵیدەدا کۆتایی بە دەسەڵاتیان بێت، چونکە ببوونە ڕکابەرێکی سەرەکی بەرە، هەربۆیە لە ڕۆژی(1991/3/18)ەوە بانگەوازی هەڵوەشانەوەی شووراکانی کرد.
5. هێزە چەکدارەکانی شوورا لە ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای عێراق لەکاتی گەڕانەوەی بۆ شوێنە ڕزگارکراوەکان ڕۆڵی دیاریان هەبوو، هەربۆیە کۆمەڵێك کوژراو بریندارییان دا.
7. تەمەنی شووراکان کەم بوو، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ کۆتایی هاتنی دەسەڵاتیان، ئەمەو جگەلە لەو کەم وکوڕییانی ئاماژەمان پێکرد.

## سەرچاوەکان

بەڵگەنامەکان (بڵاونەکراوە)
1. بەڵگەنامەی( ئتیحادی) حەلقەکانی( بروسکە، ڕاپەڕین، ئۆکتۆبەر، زەنگی کرێکار، کۆمۆنیزمی کرێکاری) ئابی 1990.
2. (ڕەوتی کۆمۆنیست): ئەرکە دەستبەجێکانمان، داواکارییە کرێکارییەکان
3. قانوونە ئەساسییەکانی حکوومەتی شوورایی( پەیڕەوی ناوخۆی شووراکان).
4. دەربارەی کۆبوونەوەی شوورای خەڵکی حورییە.
5. بەیاننامەی هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی شوورایی شاری کەرکووك(1991/3/21)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**یەکەم/ کتێب**

**بەزمانی کوردی**


1. سەنگاوی، مەحموود(2004)، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.
2. مۆرتکە، جەمال (2007)،چیا خۆی دەنووسێتەوە، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
3. گالبرێس، پیتەر(2008)،کۆتایی عێراق ، و:سۆران عەلی محەمەد ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
4. رێباز(2011)، قەندیل بەغدای هەژاند، ب3.سلێمانی.
5. ژیلوان عەبدوڵلا هەڵەدنی، ڕۆڵی حزبی شیوعیی عێراق لە باشووری کوردستان(1975-1991)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا، سلێمانی، 2020.
6. مەحمود، محەمەدحاجی(2001)، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب3، سلێمانی، چاپخانەی تیشك.
7. مەحمود، هۆشمەند عەلی (2009)،ڕاپەڕینی شاری هەولێر لە ساڵی1991، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
8. مستەفا، ئاراس عەبدولڕەحمان(2009)، ڕاپەڕینی (1991) لە باشووری کوردستان، چ1، چاپ وپەخشی حەمدی، سلێمانی.
9. مەرزنگ، عەبدولڕەزاق (2007)،ڕاپەڕین بەهاری ئازادی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
10. یەڵدز، کەریم (2007)،کورد لە عێراق، و: شاهۆ بورهان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
11. بارزانی، مەسعود (2022)،بارزانی وبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی پێنجەم(ڕاپەڕین، دەرفەت وئاستەنگەکان)1991-2002، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر.
12. ڕەشید، سالار(2015)،مێژووییەك لە یادەوەرییدا، دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا، چ1، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.
13. ئەحمەد، ڕێبوار(2017)، مەلەکردن بە پێچەوانەی شەپۆل، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ.
14. سلێمان(مەشخەڵ)، عەبدوڵلا(2012)،لەودیو پەنجەرەی ڕۆژەکانەوە ڕاوەستاوم ودەڕوانم(بیرەوەری)، بێ شوێنی چاپ.
15. کەریم( ئەحمەد موعین)، عەدنان (2012)، 1900-1980 دەیەی کارەسات( 9ساڵ ئیختیفا لە عێراقدا، یادەوەری وشیکاری)، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

16. کۆمەڵێك نووسەر (2000)،سلێمانی سبەینێ زەماوەندە(3/7)، پانۆرامایەکی ڕۆژانی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئازاری 1991، لە بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندن وڕووناکبیری مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی، ی.ن.ك.
17. جەمال، وەستا (1995)،بیرەوەری ڕۆژانی ڕەش، بێ شوێنی چاپ.
18. محمدی، مظفر (1998)، بزووتنەوەی شووراپی لە کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، بێ شوێنی چاپ.
19. مەلا بەختیار، (2017)، یەکەمین کۆڕ، یەکەمین مونازەرەی دوای ڕاپەڕین، ئامادەکردن وداڕشتنەوەی: مەریوان عەلی، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی، چاپی یەکەم.
20. مستەفا، نەوشیروان(2009)،مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی-بەعس(1991)، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی جەمالی عەلی باپیر، سلێمانی.
21. ئاغجەلەری، پشکۆ حمەتاهیر (2003)،ڕاپەڕینی کەرکوك ساڵی 1991، چ1، سلێمانی.
22. ساڵح، مەجید(2012)ڕامانێك لە نەوشیروان مستەفا، سلێمانی.

**دووە/ ڕۆژنامە وگۆڤارەکان**

1.خالید دلێر، چەند ڕاستییەکی گرنگ لە بارەی ڕاپەڕینەوە، ئاڵای ئازادی، ژ(112)، یەکشەممە، 1994/3/5.
2.داماو، 5ی ئازار سارێژکەری ئازارەکان بوو، پێنجی ئازار(گۆڤار)، ژ(3)، 1992.
4.کوردستانی نوێ، ژ(929)، دووشەممە، 1994/4/6.
5.کوردستانی نوێ، ژ(934)، یەکشەممە، 1995/3/12.
6.سەلاح مەزن، ڕاپەڕین بەرەو ڕزگاربوون، ئاڵای ئازادی، ژ(112)، یەکشەممە، 1994/3/6.
7.عەبدولڕەزاق مەرزنگ، ڕاپەڕین، ئاڵای ئازادی، ژ(64)، یەکشەممە، 1993/3/7.
8.نەجمەدین فەقێ عبداللە، ڕاپەڕین پێشینە بابەتی وخۆییەکان/ بەشی یەکەم و بەشی سێهەم، کوردستانی نوێ، ژ(647)، چوارشەممە، 1994/3/30، ل3 و ژ(649)، هەینی، 1994/4/1.
9.نەجمەدین فەقێ عبداللە، ڕاپەڕین پێشینە بابەتی وخۆییەکان، بەشی چوارەم، کوردستانی نوێ، ژ(650)، یەکشەممە، 1994/4/2.
10.کوردستانی نوێ، ژ(929)، دووشەممە، 1994/4/6.
11. کوردستانی نوێ، ژ(934)، یەکشەممە، 1995/3/12.
12. کوردستانی نوێ، ژ(929)، دووشەممە، 1994/4/6.
13.برایەتی، ژ(2008)، سێ شەممە، 1994/8/2.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

14.کوردستانی نوێ، ژ(929)، دووشەممە، 1994/4/6.
23. کوردستانی نوێ، ژ(929)، دووشەممە، 1994/4/6.
24. جەلال دەباغ، هەڵسەنگاندنێکی سەرەتایی ڕاپەڕینی چەکدارانەی کوردستان لە ئاداری 1991دا، ژ(15)، 1992.
25. پانۆرامای ڕاپەڕین لە : کوردستانی نوێ، ژ(934)، یەکشەممە، 1995/3/12.
26. وەستا ڕەسووڵ، لەیادی ئازادکردنی کەرکووک دا، گۆڤاری کەرکووك، ژ(4)، بەهاری 2000.
27. ئاڵای ئازادی، ژ(113)، یەکشەممە، 1994/3/13.
28. بورهان محەممەد فەرەج، ئاڵای شۆڕش لە بەڵگەنامەکانی حکوومەتی بەعسدا، گۆڤاری (320)، 12/15/ 2015.
29. ڕەحمان، ناوچەی ئەنفال یا ناوچەی ڕاپەڕین، کوردستانی نوێ، ژ(238) ساڵی دووەم، پێنج شەممە، (1993/3/11.
30. ڕێگای کوردستان، ژ(2)، ساڵی 47، ئاداری 1992.
31. ڕۆژنامەی(ڕزگاری)، ژ(27)ی 1997/2/25.
32. نەژاد، هەلومەرجی ڕاپەڕینی ئازار، گۆڤاری خەرمانە، ژمارە(3) سێسپتێمبەری 1991.
33. دەنگی ڕاپەڕینەکەی کوردستان وبزووتنەوەی شوورایيەکانی، فرانکفۆرت، 1991/7/11، ل23-24.(لە لایەن لایەنگرانی ڕاپەڕینەی عێراق و بزووتنەوەی شوورایی لە کوردستاندا ئامادەکراوە).
34. ڕۆژا، پەیامنێرتان لە سلێمانییەوە، گۆڤاری خەرمانە، ژمارە(3)، سێپتێمبەری 1991.
35. پشکۆ، ڕاپەڕین، سەرکەوتن، نووشستی، گۆڤاری خەرمانە، ژ(3)، سێپتێمبەری 1991.
36. فوئاد قەرەداغی، دەربارەی چەپەکان وحزبەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد(ناکۆکییەکان-هەڵوێستەکان-ئاسۆی داهاتوو)، دوارۆژ، ژ(2)، تەمووزی 1994.

### سێیەم/ کتێب بەزمانی عەرەبی

1.سنجاری،علی، القضیه الکوردیه و حزب البعث العربی الاشتراکی في العراق، ج3.
2.الحزب الشیوعی العراقی، ازمه الخلیج و الاردن، الثقافه الجدیده، العدد (15)، السنه 138 ب 1991.
3.بیان مجلس قیاده الثوره حول الوحده الاندماجیه بین العراق و الکویت بتاریخ (1990/8/15) نص من کتاب، مرکز دراسات الوحده العربیه علی العراق، یومیات – وثائق- تقاریر 1990-2005، بیروت، 2007.
4.قادر عزیز، في الذکری السنویة الاولی للانتفاضة، السلیمانیة، بلا مطبعة، بلاسنة طبع.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. الماجد، ماجد(1991)، انتفاضه الشعب العراقي1991، دار الوفاء، بيروت، 1991.
6.مجيد: كمال(1997)، النفط و الاكراد، ط1، دار الحكمه، لندن.

**چوارەم/ ماستەر ودکتۆرا:**

1. هیوا مینە مەحموود: هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە کوردستانی عێراق(ئاداری 1991-ئەیلولی 1998)، تێزێکی دکتۆرایە پێشکەشی بەشی مێژووی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، بڵاونەکراوەیە، 2012.

**پێنجەم/ دەستنووس**

1. لەدەفتەری بیرەوەریمدا (بیرەوەری تایبەت بەخۆم لە ڕووداوەکان و لە نزیکەوە ژیاوم)، دەستنووس( لە لای توێژەر پارێزراوە).

**شەشەم/ چاوپێکەوتنەکان**

1. ئاراس ڕەشید، 2023/8/3، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە( کەنەدا).
2. خەسرەوسایە، ڕۆژی 2022/8/18 ، سلێمانی.
3. خالید مەجید، بەشی دووەم، 2022/9/26، سلێمانی.
4. جەمال کۆشش، 2023/1/21، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە.
5. حەسەن مارف،2022/7/20، سلێمانی.
6. حاجی ئەنوەر، 2023/1/1، سلێمانی.
7. فەرەیدوون کونجرینی، 2022/12/26، سلێمانی.
8. عەلی مەولوود، 2022/9/30، سلێمانی.
9. عەلی محەمەد ئەمین، 2023/1/3، سلێمانی .
10. دلێر عەباس، 2023/1/6، سلێمانی.
11. دڵشاد مەجید، 2023/7/26، سلێمانی.
12. مامۆستا ستار،بەشی یەکەم، 2021/11/13 سلێمانی.
13. عەبدوڵلا سلێمان(مەشخەڵ)، 2022/10/17، سلێمانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

14. شەماڵ عەلی،بەشی یەکەم، 2022/10/25، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە،
15. موئەید ئەحمەد، 2022/6/16، سلێمانی.
16. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، 2022/10/31، سلێمانی.
17. نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا، 2022/12/6، سلێمانی.
18. نەبەز خالید، بەشی یەکەم، 2022/8/11، سلێمانی.

بەڵگەنامەی ژمارە(1)



کـــریکارانـی جیهـــان یـەکگــرن !

کریکاران ، زەحمەتکیشان ..
ژنان و پیاوانی مەحتەرزو شورشگیر ..
حکومەتی هاری بەعسی سەرمایە دوابە دوای هەشت سال کوشتار و مالویرانی کومەلانی بـەرینـی خەلك ، بەردەوام لە هیرشی پەیتا پەیتایە بو سەر وەزعیەتی کارو ژیانی کریکاران و زەحمەتکیشـــان .
وە هەروەك ئاگادارن لەم دەورانەدا صدامی دیکتاتور و خوین ریز هەرچی زیاتر و زیاتر لــە هـــەولی داسەپاندنی جیشی الشعبی و عەسکەری کردنی سەرتاپای کومەلە ئەمە بو وەلامدانەوە بە وەزعیـەتـی ئەزمە گرتووی نیزامەکەی و بو پاراستنی هەیکەلی داروخاوی نیزامەکەی و هەم بو سەرکوتی مقاوەمەتـــی کریکاران و رق و تورەیی کریکارانی بێ کارو سەرکار و هەم بو سەرکوتی ئەو زەمینە شورشگیریەی ئەمـــرو کە ئەم نیزامە لەو پەری پەشوکاوی و جێ لەتی دایە وە ئەم فرسەتە لەچنگ کریکاران و زەحمەتکیشان بقوزیتەوە بەسەر سەری ئەواندا بیشکینیتەوە .
هەروەك دەزانن دوابەدوای هیرشی صدام بو سەر کویت و ئەو ئالوگورانەی کەلە ناوخوی عیراقـــدا روویدا لە گرتنەوەی مەوالیدەکان و جیش الشعبی کردن بە کومەلانی بەرینی خەلك و تی پەردانی پولیس و ئەمن لەکومەلانی خەلك لەهەموو کوچەیەکدا ، لەلایەکی ترەوە هاتو هاواری ئەمریکا و دەستەو دائیـــرەی بورجوازی لە هەرەشە لەصدام و نیزامەکەی کە لەویوە سەرچاوەی نەگرتووە کە ئەمریکا و بورجوازی جیهـــانـی پاریزەری حەق و حقوقی ئینسانین ... بەلکو لەویوە سەرچاوەی بەستووە کە بورجوازی جیهانی بەدوای ریگە چارەیەکەوەیە تا ئەو مەوقعەی کەلە منطقەدا هەیەتی بەدەستەوە بگریتەوە و هەم سەرکوتی شـــورشـی کریکاران و زەحمەتکیشانی منطقە بکات و هەم سەرکوتی ئەو دیکتاتورو نیزامانەی کە ناتوانن لەبەر دانیـن لە بەردەم نارەزایەتی و رق و بیزاری کومەلانی کریکاران و زەحمەتکیشان . هەر وەك لە وولاتانی فلیپیـن و هایتی و پاکستان و ... بەسەر ئەنجامی گەیاند .
کریکاران و زەحمەتکیشـــان :
ئیوە کەروژانە لە جەهەنەمی ئەم نیزامەدا بەرەو رووی بی کاری و کری کەمی و برسیتی و هەموو دەرد و مەینەتیەك دەبنەوە، ئیوە کە مەحرومن لە پچوکترین مافی ریکخراوبوون و ئازادی بیرو باوەر ... ئیـــستا کاتی هاتووە با قولی لی هەلمالین و لەکارگە و گەرەکەکاندا لە هەر شوینیك کە بوتان دەکری لە دەوری یە ـ کتر کوبنەوە و ریکخراوی گشتی خوتان ریکخەن و دەست بدەنە خەباتیکی یەك پارچەیی و دەستە جەمعی و بەرگری لە حەق و حقوقی رەوای خوتان بکەن و مل بو سیاسەتەکانی عەسکەری و جیش الشعبی دامەنەوینن وە ئیوە تەنها بە پشت بەستن بە هیزی ریکخراوی خوتان دەتوانن خوتان و هاوچینەکانتان لە چنــگ نیزامی کری گرتەیی رزگار بکەن .

بژی خەباتی جەماوەری کریکاران و زەحمەتکیشان
مەرگ بو نیزامی ســەرمایــەداری
بــــژی ســوشـــیالیــزم

ئیتحادی ( حەلقەکان ... بروسکە ـ راپەرین ـ ئوکتوبەر ـ زەنگی کریکار ـ کومونیزمی کریکاری )

ئابی / ١٩٩٠

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵگەنامەی ژمارە(2)

کرێکارانی جیهان ، یەکگرن !

## ئەرکە دەست بەجی کانمان ، و داواکاریە کریکاریەکان

سەرمایەدارانی ئەمریکا و عیراق و دەولەتەکانیان دەیانەویت بمانخەنە دوزەخی یەکیك لە کوشندەترین جەنگەکانی دنیای سەرمایەوە ، دوزەخی جەنگی کیمیاوی و ئەتومی بورژوازی . ئەمریکا بو پاراستنی مەوقعیەتی گەورە هیزی خوی لە جیهاندا و رژیمی بەعسی درندە و صدامی خوینریژیش بو جیگیرتر کردنەوەی حاکمیەتی ئیستبدادی و عەسکەریان ، هاتونەتە سەر چنگ و بە سەدان هەزارمان لی دەدەن بە کوشت .

بورژوازی عیراق و دەولەتەکەی هەتا ئیستا دریغی یان نەکردووە لە شکاندنەوەی وەزعی ئابووری تیکشکاوی سەرمایەداری عیراق بەسەر کریکاران و زەحمەتکیشاندا ، دریغی یان نەکردووە لەداسەپاندنی چەوساندنەوە و هەژاری و برسیەتی و بیکاریی لەرادەبەدەر بەسەرماندا و توانیویانە ریزی ملیونەهامان بخەنە بەردەم نەخوشی و برسیەتی و بیکاری و بی گوزەرانی یەوە ، توانیویانە سەدان هەزارمان لی بدەن بەکوشت لە جەنگی کونەپەرستانەی عیراق و ئیراندا ، ئیستاش بەمەوە راناوەستن و دەیانەویت مەئساتیکی تری ئینسانی گەورەشمان بەسەردا بهینن . ئەمە ریگەچارە و ئیدارەی بورژوازی و رژیمی بەعسە بو کومەلگە ، ئەمە واقعیەتی حاکمیەتی سەرمایە و سەرمایەداریە بەسەر ژیانی کومەلایەتی ئینسان لە کومەلگەدا .

بیزاری و نارەزایەتی ملیونەها کریکارو زەحمەتکیشی ئەم ولاتە بەرامبەر تەواوی ئەم وەزعە هەر ئیستا لەو پەریدایەو خواستی روخاندنی رژیمی بەعسی سەرمایەداران و بەرپانەبوونی جەنگ بووەتە خواستیکی گشتی یان ، لەهەمان کاتیشدا رژیمی ئیستبدادی و عەسکەری بەعس لەلایەك رووبەرووی برسیەتی و هەژاری و بیکاری ملیونەها ئینسانی زەحمەتکیشی عیراق و بیزاری و ئیعترازیانە و لەلایەکی دیکەوە دەرگیری مغاصرەی جەنگیکی گەورەو بی سەر و شوینە ، ئەم هەلومەرجە وەزعی شورشگیرانەی لەسەر ئاستی ولات هەرچی زیاتر پەرەپی داوە . لەم دەورەیەدا چینی کریکارو بزووتنەوەی کومونیستی کریکار رووبەرووی ئەرك و وەزیفەی [illegible] بوونەتەوە .

بەرپابوونی بزووتنەوەیەکی کریکاری کومونیستی بەهیزە لەسەر ئاستی کومەلگە کە دەتوانی هەر ئیستا رابەری بەسەرکەوتن گەیاندنی ئالوگوری شورشگیرانە بیت لە کومەلگەدا ، رابەرو ریکخەری خەباتی چینایەتی کریکار بیت بو دامەزراندنی حکومەتی کریکاری و سوشیالیزم ، رابەری بزووتنەوەی رزگاری خوازانە و شورشگیرانەی ملیونەها کریکارو زەحمەتکیش بیت لە چنگی موسیبەتەکانی سەرمایەداری ئەزمەگرتوو وکەندەلی عیراق لە چنگی دەسەلاتی سیاسی بورژوازی و جەنگ و جەنگخوازییەکانی لە چنگی هیزو حیزب و تاقمە سیاسیەکانی بورژوازی .

* * *

بو ئەوەی سوشیالیزمی کریکار بتوانیت هەرچی لیهاتوانەتر راهەرایەتی و ریکخستنی خەباتی چینایەتی کریکار ئەنجام بدات دەبی هەرچی زووترو لیبراوانەتر کەم وکوریە سیاسی و عەمەلی و ریکخراوەییەکانی خوی وەك حیزبیکی بەرینی کومەلایەتی کریکار وەلانیت . لەم بوارەدا رووبەرووی ئەم ئەرکانەین :-

١- کەشەدان بەلایەنەکانی یەککرتوویی و ریکخراوبوونی ریزی کریکارانی کومونیست .
٢- ئینسجام پی کردنی هەرچی زیاتری هەویەتی سیاسی و فکری مارکسیستانەی ئەم بزوتنەوەیە .
٣- بەرەو پیشبردنی ئەم بزووتنە کومەلایەتیەی کریکار بەرەو پیك هینانی حیزبی سیاسی مارکسیستی خوی .
٤- بەهیز کردن و بەرین کردنەوەی کومونیزمی کریکاری لە دەروونی چینی کریکاردا .
٥- بەرجەستە کردنەوەی هەرچی زیاتر ئینتەرناسیونالیزمی ئەم بزووتنەوەیە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

# The Influence and Role of Marxist Leftists in the Uprising (03/05/1991) to (03/28/1991) in South Kurdistan

**Zhelwan Abdullah Ahmed**
Department of Accounting, Dukan Technical Institute, Sulaymaniyah Polytechnic University, Sulaymaniyah, Kurdistan Region Iraq.
Email: Zhelwan.ahmed@spu.edu.iq

**Asst. Prof. Dr. Amanj Hasan Ahmed**
Department of History, College of Humanities, Sulaymaniyah, Kurdistan Region Iraq.
Email: Amanj.ahmed@univsul.edu.iq

***Keyword**: Marxist leftist groups, Uprising, Baath rejem, south Kurdistan, shoraa*

## Abstract:
during the years between 1975 and 1991, after the revival of the Kurdish revolution in South Kurdistan, several Marxist leftist movements and groups were formed and grew, they played a significant role in the Kurdish people's liberation movement and political events in the South Kurdistan, both of those who were in the mountains and had armed forces and those who were secretly engaged in political struggle and organizing and promoting a Marxist program in the cities of South Kurdistan. Later, these Marxist leftist groups, parties, and organizations played a significant role in the events of the uprising and the days that followed the uprising.
In this study, based on documents, sources, and interviews with people who participated in the events of that time, we have tried to analyze the role of the Marxist leftists in the 1991 uprising in South Kurdistan and the subsequent events until 1992 under the title (Influence and Role of the Marxist leftists in the Uprising (5/03/1991) to (28/03/1991) of South Kurdistan).
We have divided the research into several topics, including:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**The first topic:** in this topic we have discussed the influence and role of the leftists in the uprising.
**The second topic** discussed the leftists' role in forming councils in Sulaymaniyah, Erbil, and Kirkuk.
**the third topic:** In this topic, we have tried to discuss the role of the leftists and the councils during the Baath government's attack on Kurdistan cities.
**The fourth topic:** We have discussed the reasons for the failure of the councils.
**The fifth topic:** We have explained the position and role of the leftists in the rule of the Kurdistan Frontier.
Then in the list of sources, we have indicated the sources, documents, and interviews we used in the research.

## تأثير ودور اليساريين الماركسيين في انتفاضة (1991/03/5) إلى (1991/03/28) جنوب كردستان

**ملخص:**
خلال السنوات ما بين 1975 و1991، بعد إحياء الثورة الكردية في جنوب كردستان، تشكلت ونمت العديد من الحركات والمجموعات اليسارية الماركسية، ولعبت دوراً مهماً في حركة تحرير الشعب الكردي والأحداث السياسية في جنوب كردستان، سواء من أولئك الذين كانوا في الجبال ولديهم قوات مسلحة وأولئك الذين كانوا ينخرطون سراً في النضال السياسي وتنظيم وتعزيز البرنامج الماركسي في مدن جنوب كردستان. لاحقاً، لعبت هذه الجماعات والأحزاب والمنظمات اليسارية الماركسية دوراً كبيراً في أحداث الانتفاضة والأيام التي تلت الانتفاضة.
وفي هذه الدراسة، وبالاعتماد على الوثائق والمصادر والمقابلات مع الأشخاص الذين شاركوا في أحداث ذلك الوقت، حاولنا تحليل دور اليساريين الماركسيين في انتفاضة عام 1991 في جنوب كردستان وما تلاها من أحداث حتى عام 1992 تحت عنوان (تأثير ودور اليساريين الماركسيين في انتفاضة (1991/03/5) إلى (1991/03/28) جنوب كردستان.(

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وقد قسمنا البحث إلى عدة مواضيع منها:

المبحث الأول: تناولنا في هذا الموضوع تأثير ودور اليساريين في الانتفاضة.

أما المبحث الثاني فقد تناول دور اليساريين في تشكيل المجالس في السليمانية وأربيل وكركوك.

المبحث الثالث: حاولنا في هذا الموضوع مناقشة دور اليساريين والمجالس خلال هجوم حكومة البعث على مدن كردستان.

المبحث الرابع: تحدثنا عن أسباب فشل المجالس.

المبحث الخامس: بينا مكانة ودور اليساريين في حكم الحدود الكردستانية.

ثم قمنا في قائمة المصادر بالإشارة إلى المصادر والوثائق والمقابلات التي استخدمناها في البحث.